گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 1815 (PP 249-276)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.15

توێژینەوە

# ڕۆڵی ئافرەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر)

**سوزان طه رسول/** بەشی کۆمەڵناسی،کولێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق.

**أرام ابراهيم حسين/** بەشی کۆمەڵناسی،کولێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عێراق.

## پوختە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی ئافرەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێکی میتۆدۆلۆژی بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەی، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە، سەر بە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە کە پشت بە شێوازی وەسفکردن دەبەستن، نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی گونجاوە، کە لە (٤٥٠) ئافرەت کە لە (٢٠٥) ئافرەت لە کەرتی تایبەت و (٢٤٥) ئافرەت لە کەرتی حکومی کار دەکەن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە شاری هەولێر وەرگیراوە .

گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەن کە: ئاڕاستەی جیهانی لە ئێستادا ئەوەیە زیاتر کار بکرێت بۆ بەشداری کردنی ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامدا کاریگەری بەرچاری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە گشتی لە کۆمەلگادا هەیە، بەتایبەتی توێژینەوەکە جەختی لە سەر چەند ڕەهەندێک کردووە وەک (پەروەردە، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تەندروستی). ئافرەتان لە شاری هەولێر لە هەر دوو کەرتی حکومی وناحکومی لە بواری پەروەردە و تەندروستی زیاتر بەشدارن و خۆیان ئامادە و خوازیاری بەشدارین لە دوو بوارە. بەڵام لە بواری ڕێکخراوکان کەمتر و بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن بەشداری کردنەکە نزمە. لە ڕەهەندی پەروەردە کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.131) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ئاستی پەروەردە بڕی (0.131) لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەروەها لە ڕەهەندی تەندروستی کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.257) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە. جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، بەڵام لە بواری ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) نەبوو. ئەمەش دەکرێت بە هۆی سروشتی کارکردنی لەو دوو بوارە بێت کە کاری مەیدانی زیاترە و ئافرەتان بە هۆی بەرپرسیارێتی زیاتریان بەتایبەتی وەک دایک نەتوانن بە پێ پێویستی لەو دوو بوارە کار بکەن. بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن ڕێژەی بەشداری کەمی ئافرەتان دەکرێت بە هۆی داب و نەریتی کۆمەلگا و ڕوانینی نەرێنی کۆمەلگا بۆ بەشداری ئافرەتان لە بواری ڕاگەیاندن بێت .

CORRESPONDENCE
سوزان طه رسول
sozan.rasool@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/02/26
پەسندکردن 2024/08/03
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
گەشەپێدان،
گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی،
ئافرەت،
پەروەردە،
ڕاگەیاندن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی:

هەوڵدان بۆ بەشداری پێکردنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە پلانی گەشەپێدانی هەر کۆمەڵگایەک بە یەکێک لە بنەما و هەنگاوە سەرەکییەکان لە پرۆسەی گەشەپێدان وبەرەپێشچوونی ئەو کۆمەڵگایە دادەنرێت، یەکێک لەو توێژانەش کە لە ئێستادا جەختی لە سەر دەکرێت بەشدای پێکردنی ئافرەتانە لە سەرجەم کایەکانی ژیان، باتەیبەتی لە پلانەکانی گەشەپێدان لە هەر کۆمەڵگایەک. ئەمەش یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی ئەم سەردەمە کە جێگەی بایەخی جیهانی هاوچەرخە، هەر بۆیە لە هەر پرۆژە وپلانێکی کۆمەڵگاکان و تەنانەت لە هەر کۆڕ و کۆڕبەندی نێوخۆیی و جیهانی وڵاتان هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت سوود لە تواناکانی ئافرەتان وەربگیردرێت و بەشێوەیەکی کارا بەشدارییان پێ بکرێت.

بەڵام بۆ ئەوەی ئافرەت رۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەکەی، پێویستی بە دابینکردنی بارودۆخ و تواناکانیەتی  لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری. رۆڵی دیاری ئافرەت تەنیا لەیەك تەوەر كورت ناكرێتەوە، بەڵكو لە چەندین تەوەر وەك فێركردن و كاركردن، بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەشداری سیاسیدا، وەك تەواوكەری یەكترن. بۆیە توێژەران گرنگی بە مەسەلەی ئافرەت و  رۆڵی لە کۆمەڵگە و بەشداریکردنی لە سەرجەم بوارەکان لە میانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە روودەدەن لە جیهاندا و سەرەڕای نەبوونی کەمتەرخەمی لە رۆڵە نەریتییەکانی.

### 1.1 گرفتی توێژینەوەکە:

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە لە قۆناغەکانی ڕاگوزەری و گۆڕانکاری لە چەندین بواری جۆراوجۆردا لەوانە گەشەپێدان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی و دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی کوردی، دەبینین ئافرەت لە هەرێمی کوردستان وەک توێژێکی گرنگ - نیوەی کۆمەڵگە_ ڕووبەڕووی بەرهەڵستە کۆمەڵایەتی و کوولتووری و سیاسیەکان دەبێتەوە، ئەمانەش بەربەستن لەبەردەم ڕۆڵبینین و بەشداریکردنی بە شێوەیەکی کاریگەر لە پرۆسەو پلانەکانی کۆمەڵگە، لە گەشەپیدانێکی ئامانجدار بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەکەی. هەربۆیە پرسی سەرەکی لەم توێژینەوەیە تیشک خستنەسەر ئایا ئافرەت ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، کە ئەمەش خۆی لە چەند پرسیارێ دەبینێتەوە:

_ ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە لە کەرتەکانی (پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکان و تەندروستی) لە چ ئاستێکدایە؟

_ ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو (تەمەن، کەرتی پیشە، باری کۆمەڵایەتی ) چ جیاوازییەکیان دروست دەکەن لە بەشداری ئافرەتان؟

-کاریگەری ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت لە سەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە چ ئاستێکدایە؟

_ ئایا بەربەستەکانی بەردەم ئافرەتان لە کارکردنیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان کاریگەری لە سەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە؟

### 2-1. گرینگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە بابەتێکی هەنووکەیی، هاوکات ئەو داتا و زانیاریانە دەخاتەڕوو کە لە واقعی کۆمەڵگای لێتوێژراوان دەستکەوتوون، بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاستی بوونی ئەو بابەتەی توێژەران هەڵوێستەیان لە سەر کردووە، دەخاتەڕوو. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئاستی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە دەخاتەڕوو ، بەتایبەتی لە ڕەهەندەکانی (پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیاندن، بەشداری لە ڕێکخراوەکان و تەندروستی) دەخاتەڕوو، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ زانینی کە لە چ بوارێک ئاستی گەشەپێدانی بەرزتر، بۆ ئەوەی زیاتر پەرەی پێ بدرێت و لە چ بوارێک لاوازە، بۆ ئەوەی توێژینەوە بکرێت لە سەر هۆکارەکانی و هەوڵی پەرەپێدانی بەشداری ئافرەتان بدرێت لە سەرجام بوارەکان.

**لە ڕووی تیۆرییەوە :** ئەم توێژینەوەیە بەشدار دەبێت لە زیادبوون+ مەعریفە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی گشتی و کۆمەڵناسی پلاندانان.

**لە ڕووی پراکتیکییەوە؛** توێژینەوە کردن لەم بوارە و گەیشتن بە ئەنجامەکان سوودی دەبێت لە بواری پلاندان و دەستەی ئامار و پلان دانان لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم وەزارەتەکان بۆ ئەوەی لە میانی دانانی پلانەکانیان و جێبەجێکردنیان ڕۆڵ و گرینگی ئافرەتان لە بەرچاو بگرن و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەشداری کردنی ئافرەتان، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە توانایان هەیە.

**3-1. ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

**أ-ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ:**

1- زانینی ڕۆڵی ئافرەت لە گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە شاری هەولێردا.

**ب- ئامانجە لاوەكییەكان بریتین لە:**

1.پێوانە كردنی ئاستی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە لە ڕەهەندەكانی ( پەروەردەو فێركردن، ڕاگەیاندن، ڕێكخراوەكان، تەندروستی

2- دەستنیشان كردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان وەكو (تەمەن، كەرتی پیشە، باری كۆمەڵایەتی ) لە دروستكردنی جیاوازیی لە نێوان بەشدارانی نمونەی توێژینەوەكە.

3-دەستنیانكردنی كاریگەری ڕەهەندەكانی ڕۆڵی ئافرەت لە سەر گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی

4- دەستنیشان كردنی كاریگەری ئاستەنگەكانی بەردەم ئافرەتان لە بواری (پەروەردە، ڕاگەیاندن، تەندروستی و ڕێكخراوەكان) لە سەر گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی.

**2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو:**

**2. 1. پێناسەی چەمكە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە:**

**أ. ڕۆڵ ( The Role ):**

(جۆرج هربرت مید 1863-1931) پێناسەی ڕۆڵ دەكات بەوەی: دەرئەنجام یان بەرهەمی پرۆسەی كارلێكی كۆمەڵایەتیە، كە تاكەكان پێی هەڵدەستن. (مید) لەو بڕوایە دایە لە كاتێكدا مرۆڤ لە پرۆسەی كارلێكی كۆمەڵایەتیدایە لەگەڵ ئەوانی دی، ئەوا ئەو شتەی كە لێی بەرهەم دێت پێی دەوترێت (ڕۆڵ) وەك ڕۆڵی باوك – پزیشك – مامۆستا(العمر،2000: 363).

چەمكی ڕۆڵ بەمانا كۆمەڵایەتیە زانستیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (رالف لینتون1893-1953) كە لە پێناسەكەیدا دەڵێت ( ڕۆڵ بریتییە لەو كردەوانەی تاك پێی هەڵدەستی و ئەنجامیان دەدا بۆ سەلماندن و داگیركردنی پێگەكەی، ڕۆڵ دوولایەن لە خۆ دەگرێت (ڕەفتار + كەسایەتی تاك) ( خليل،1984: 98). هەروەها (لینتۆن) دەڵێت: (ڕۆڵ بریتییە لە سەرجەم ئەو ئاڕاستەو بەهاو ڕەفتارانەی كە كۆمەڵگا ئارەزووی دەكات بۆ سەرجەم ئەو كەسانەی كە لە پێگەیەكی دیاریكراودا كاردەكەن)(العمر،2000: 363).

زانای ئەمریكی ( تالكوت پارسونز1902-1979) وای دەبینی ڕۆڵ بریتیە لەو پردە یان ڕۆڵ ڕەگەزی بەشدارە لەنێوان بونیادی كۆمەڵایەتی وكەسایەتی، واتە ڕۆڵ بریتیە لە ڕەفتاری تاك لەناو بونیادی كۆمەڵایەتی، پێوەرەكانی كۆمەڵگە دەستنیشانی ڕەفتاری پەیوەست بە ڕۆڵ دەكەن(مغلي و سلامة،2002: 127).

مەبەست لە ڕۆڵی ئافرەت لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە تەواوی ئەو ڕۆڵانەی دەیانگێڕێت و ئەنجامیان دەدات لە بەشێك لە دام و دەزگاكانی حكومی و ناحكومیدا، بەپێی ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییەی كە بۆی ڕەخساوە و پەیوەستە بەو پێگە كۆمەڵایەتیەی كە بەدەستیهێناوە، لەناو دام و دەزگا كۆمەڵایەتیە جیاوازەكان، بە مەبەستی پابەندبوون و جێبەجێكردنی ئەم ئەرك و بەرپرسیاریەتیەی لە ئەستۆی گرتوە، بە مەرجی فەراهەمكردنی پێداویستیە سەرەكیەكانی و كەمكردنەوەی كۆسپ تەگەرەكانی بەردەمی، ئەوا بە باشترین شێوە دەتوانێت ڕۆڵەكانی بەپێی چاوەڕوانیەكانی تاكەكانی كۆمەڵگە ئەنجام بدات ئەوكات توانای دەبێت ڕۆڵێكی ئەرێنی بگێڕێت لە گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە كەرتی پەروەردەو فێركردن، ڕاگەیاندن، ڕێكخراوەكان، كەرتی تەندروستی. مەبەستی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێوانەكردنی ئاستی ئامادەیی ڕۆڵی ئافرەتان بۆ بەشداری كۆمەڵایەتیە لە كەرتەكانی ئاماژەی پێكراو.

**ب. گەشەپێدان (Development):**

چەمكی گەشەپێدان وەك یەكێك لە چەمكە گرینگەكانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەكان، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا زیاتر بڵاو بووەوە بەتایبەتی لای داڕێژەرانی سیاسەت، كەسایەتیە سیاسییەكان، ئابووریناسان، بیرمەندان و تویژەران بواری كۆمەڵناسی لە دەرئەنجامی ئاڵۆزییە كۆمەلایەتییەكان كە وولاتانی جیهانی شڵەژاندووە و ناچاری كردوون بۆ زیاتر هەوڵدان بۆ گۆڕانكاری و بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ئابوریان. بۆیە دەستەواژەی گەشەپێدان بەستراوە بە پێشكەوتنی ئابوری و كۆمەڵایەتی، بە جەخت كردنەوە لە سەر ئەو گۆڕانكارییەی لە بونیادی كۆمەڵایەتی و جووڵەی ئابوری ڕوودەدەن سی و سێیەمین سەرۆكی ئەمریكا (هاری ترۆمان-Harry Truman) بە یەكەم كەس دادەنرێت وشەی ( گەشەپێدان)ی لە ساڵی (1949) لە ووتارەكەی بەرامبەر دەستەی نەتەوە یەكگرتووەكان بەكارهێنا (الدولي،1998: 6).

سەرچاوە ئابوری و سۆسیۆلۆژیەکانی هاوچەرخ ئاماژە دەکەن بە جیاوازی لە نێوان دەستەواژەی ( گەشە –Growth) و (گەشەپێدان-Development) ، دەکرێ دەستنیشانی رووە جیاوازەکان لە نێوانیاندا بکرێت، بەوەی دەستەواژەی گەشە(Growth) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی زیادبوونی جێگیرو بەردەوام کە لە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان ڕوودەدەن، بەڵام گەشەپێدان (Development) بریتییە لە بەدەستهێنانی زیادبوونێکی خێراو کەڵەکەبوو و بەردەوام لە میانەی کاتێکی دیاریکراو ملکەچە بۆ بەرێوەبردن و توانای مرۆیی. بۆنموونە: زیادەی جێگیر لە ڕێژەی سەدی بۆ خوێندەوارانی ئافرەت و پیاو لە کۆی دانیشتوان، ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی گەشە، بەڵام گەشەپێدان بەدەستدەهێنرێت لە خوێندن لە قۆناغێکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خێرا، لە میانەی کاتێکی دیاریکراو. بەزۆری گەشە لە ڕێگەی پەرەسەندنی لە سەر خۆوە ڕوودەدات، وگۆڕانێکی هەنگاو بە هەنگاو، بەڵام گەشەپێدان پێویستی بە پاڵدانێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە دۆخی چەقبەستوویی ودواکەوتن دەربکات بۆ دۆخی پێشکەوتن و پەرەسەندن (حسین،2010: 22).

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین توێژینەوەو دیراساتیان ئەنجامداوە لە ساڵانی "1950 و 1955و 1956" تیایدا جەختکرابووە سەر دەستنیشانێکردنێکی دەستەواژەیی بۆ مانای گەشەپێدان، کە ناسراوە بەوەی بریتییە لەو پرۆسانەی لە ڕێگایانەوە دەتوانرێ ئاڕاستەی توانا نیشتمانی و حکومیەکان بکرێ بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە کۆمەڵگە خۆجێیەکان، و یارمەتیدانیان بۆ بەشداریکردنی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە هەموو تواناکانی (Huntington,1968: 34).

لە میانی ئەوەی خرایەڕوو، لەم توێژینەوەیە مەبەست لە گەشەپێدان بریتیە لە پرۆسەیەکی گەشەپێدانی فرەڕەهەند وەکو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، گەشەپێدانی سەربەخۆ، بەردەوام و مرۆیی کە مەبەستدار و پلان بۆ دارێژراوە لە لایەن حکومەتەوە، بە ئامانجی ڕوودانی گۆڕانێکی ئەرێنی لە بارودۆخ و ژیانی تاکەکان و دۆخی کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بەردەوام. لە ڕێگەی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان و توانا مرۆییەکان لە هەر دوو ڕەگەزی (پیاو و ئافرەت) بە بێ جیاوازی.

### ج. گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (Social Development):

هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، پرۆسەی گەشەپێدان پەیوەندی بە سەرجەم کەرت و لایەنەکانی کۆمەڵگاوە هەیە و دەکرێت هەر بوارێک بەمەبەستی بووژانەوە و بەرەوپیشچوونی کۆمەڵگا بەخۆوە ببینێ و گەشەپێدان چەند ڕەهەندێکی سەرەکی هەیە وەک (گەشەپێدانی ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی) کە لەم توێژینەوەیە مەبەست گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە و بە یەکێک لەو بوارانە دادەنرێت کە بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵناسی گرینگی پێ دەدرێت گرنگیپێدەرانی بواری کۆمەڵناسی زۆر ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە خۆی دەنوێنێ لەوەی: ئایا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەمکێکی نوێیە لە بیری کۆمەڵایەتیدا؟ ( ئەرنست وایت- E.witt ) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بە نەخێر، جەختدەکاتەوە کە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەم چەمکە لە چارەسەرکردنی هەندێك لەو کێشانەی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو ڕووبەڕووی دەبنەوە (السمالوطي،1981: 108).

لەهەمان ڕێچکەدا (بدوي) ئاماژە دەکات کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە " لەم توانایەی پێشکەشی دەکات بۆ ڕوودانی زنجیرەیەك لە گۆڕانکاری وەزیفی و پەیکەری پێویست بۆ گەشەی کۆمەڵگە، ئەمەش بە زیادکردنی توانای تاکەکانی لە قۆزتنەوەی ووزەی بەردەست بۆ بەرزترین ئاستی پێویست بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین ئاست لە بواری ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو تاکانە بە خێراتر لە تێکرایی گەشەی سروشتی (بدوي،1993: 384).

لە ساڵی (1956) پێناسەیەکی فەرمی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەرکەوت، کە ئاژانسەکانی تایبەت بە کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی خۆجێی لە وڵاتە یەکگرتووەکان پێی پابەندبوون، کە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی "بریتیە لەو پرۆسانەی کە توانای هاوڵاتیان و حکومەت یەکدەگرن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، بۆ بەدەستهێنانی تەواوکاری ئەم کۆمەڵگایانە لە چوارچێوەی وڵات و یارمەتیدانی بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی" ئەم پێناسەیە ئاماژە بە سێ پرەنسیپی سەرەکی دەکات ئەوانیش:

1-ئامادەکردنی بەرنامەیەکی بە پلان گرنگی بە سەرجەم پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بدات.

2- ئامادەکردنی یارمەتی تەکنیکی و هونەری لەلایەن دەستەی حکومەت.

3- هاوکاری و تەواوکاری لە نێوان سەرجەم کەرتەکان (السمالوطي،1981: 112).

پێناسەیەکی گشتگیر بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە" ئەویش ئەوەیە کە؛ پرۆسەی گۆڕانی شارستانییە کە پرۆژەکان لە خۆدەگرێت ئامانجیان خزمەتکردنی مرۆڤە و دابینکردنی پێداویستیەکانی پەیوەستن بەکاروچالاکی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و

تەندروستی و فیکری و گیانیە، ئەم گەشەپێدانە کاردەکات  لەسەر بەکارهێنانی وزەی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران، لە پێناو خزمەتکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدان(الحسن،1999: 208).

لە لایەکی دیکەوە پسپۆرانی بواری گەشەپێدان، پێیان وایە ناتوانرێت جیاکردنەوە بکرێت لە نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابوری، چونکە هەریەکێکیان بەشدارو پشتگیری ئەوی تر دەکات، چونکە ئەنجامی گەشەپێدانی ئابوری دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئەنجامدانی زۆر بەرنامە بۆ بەرژەوەندی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا ئەنجامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بوار و کەشی گونجاو دەرەخسێنێ بۆ سەرکەوتنی پلانی گەشەپێدانی ئابوری، هەروەها جەختیش دەکرێت لەسەر ئەوەی گەشەپێدان بریتییە لەوەی کە سەرجەم پێکهاتەکان ئامانجیان کاریگەردانانە لەسەر بنیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە لە رێگەی دەروازەی تایبەت کە رێکدەکەوێت لەگەڵ دەرهاویشتە کولتوورییەکان(خاطر،2000: 105).

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی خرایەڕوو لەم توێژینەوەیە مەبەست لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکی مەبەستدارو ئاڕاستەکراو و تەواوکارییە پشت دەبەستێت بە یەکگرتنی پلان و توانای حکومەت و میکانیزم وبەشدارییەکی فراوانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەزگا جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێك کە بەشداردەبن لە رووداانی ئەم جوڵەیە یان گۆڕانکارییە لە هەرێمی کوردستاندا لە رێگەی خستنە گەڕی رۆڵ و بەشدارییەکانی ئافرەت لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، لەرێگەی دانانی پلان و ستراتیژیەتی گونجاو، بۆ ئامادەکردن و مەشقپێکردنیان بۆ ئەوەی سوود لەتوانا و ووزە مرۆییەکانیان وەربگیرێت، لە دەزگا کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان. هەروەها فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە گشتی و کۆمەڵایەتیەکانی لە کەرتەکانی حکومی و کەرتی ناحکومیدا، لەسەرجەم بوارەکان بەبێ جیاوازی، لە پێناو بەشدارپێکردنێکی کاریگەرانەی ئافرەت بۆ ئەوەی رۆڵی هەبێت لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشەنبیری و سیاسیەکاندا، لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەو و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان.

## 2. 2. خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:

**یەکەم**: توێژینەوەیە (نادیە عومەر کاکە سوور، 2004) بە ناونیشانی "رۆڵی  ئافرەتی کورد لە ڕاگەیاندنی کوردیدا". ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادە و ئاستی بەشداریکردنی ئافرەت لە بواری ڕاگەیاندنی کوردی و زانینی ئەوەی  ئایا چ کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە لە گۆڕانی ڕەوشی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا.  توێژینەوەکە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە، بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبووە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک). بە ڕێگای نمونە وەرگرتن کە قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (100) ئافرەت. ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان (چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی ) بووە.

گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە بووە کە: (61٪) ئافرەتانی نمونەی توێژینەوەکە پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن نین. بە ڕێژەیەکی بەرز جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت. بە ڕێژەی (72.5) دەرفەتەکانی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی کوردیدا لە بەردەم ئافرەتدا کەمن و، بە ڕێژەی(76.5%)هەست بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن و،(76.5%) ئافرەت نەیتوانیووە بواری ڕاگەیاندن بۆ خزمەت بە کێشەو گرفتەکانی خۆی بەکاربێنێ.، هەروەها ڕێژەی (74%) داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری نەرێنییان هەیە لە سەر ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە بەگشتی و لە بواری ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی.

**دووەم:** توێژینەوەکەی (کەژاڵ حسین محمد، 2015) بە ناونیشانی "مساهمة المرأة الكوردية في التنمية"

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناساندنی ڕۆڵی ئافرەتی کوردی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردیدا.

توێژینەوەکە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە و بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگەی توێژینەوەی پێکهاتووە لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان لە زانکۆی سلێمانی لە کۆی کەژمارەی نموونەکەی پێکهاتبوون لە (200) نموونە، لە جۆری نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی.

گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە بووەن کە:

ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی ئاشکراو بەرچاوی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی.

2- دۆزینەوەی ڕۆڵی ئافرەت لە بوارە جیاوازەکانی تری کارکردنی ڕەسمی و نارەسمی وەکو خێزان، بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری، بواری ئابوری، بواری سیاسی، دەرکەوتووە کە لە بواری ئابوری پلەی یەکەمی بە فاکتەری پەیوەستی (0.869) داگیرکردووە، لە کاتێکدا بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری پلەی دووەمی بە پەیوەستی (0.853) داگیرکردووە، بواری سیاسیش بە  پلەی کۆتایی هاتووە کە  بە هاوکێشەی پەیوەستی (0.716) دەرکەوتووە.

3-سەبارەت بە بوونی پەیوەندی نێوان بوارەکانی( خێزان ، کۆمەڵایەتی و کولتووری، ئابوری، سیاسیدا)، دەرکەوتووە کە پەیوەستیەکی بەهێز لە نێوان بواری کۆمەلایەتی و کولتووری و بواری ئابوری بە نمرەی(0.732)، وە ئاستی ناوەندو پەسند لە نێوان بواری خێزان وبواری کۆمەڵایەتی و کولتووری بە نمرەی(0.626)، هەروەها لە نێوان بواری خێزان و بواری ئابوریدا بە نمرەی (0.527)، بە هەمان شێوەش پەیوەستی نێوان بواری ئابوری و سیاسی بە نمرەی(0.540)، واتە پەیوەندییەکی باش و پەسند لە نێوان سەرجەم بوارەکان دەرکەوتووە.

4-بەڵام پەیوەندییەکی لاوازی بۆ دەرکەوتووە لە نێوان بواری سیاسی و بواری خێزان بە نمرەی(0.356)، هەروەها لە نێوان بواری سیاسی و بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری بە نمرەی(0.458). ئەمەش توێژەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی دەزگا سیاسیەکان لە وولاتە تازە گەشەسەندووەکان.

**سێیەم**: توێژینەوەی (هلال عبدالساده حيدر،2018 ) بە ناونیشانی "مشاركة المرأة المتعلمة في التنمية الاجتماعية والثقافية- دراسة أنتروبولوجية من وجهه نظر طلبة الدراسات العليا في جامعة بغداد". ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك: ئایا ئافرەت توانای دەبێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵگە، بەتایبەت ئەو پرۆسانەی پەیوەندییان بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە ؟ ئایا رۆڵی ئافرەت تەنها کورتکراوەتەوە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەشداری لە دەرکردنی بڕیارەکان لەناو خێزاندا؟ ئایا ئافرەتی عێراقی دەتوانێت رزگاری ببێت لە کولتووری هەژموونی باوکسالاری و دابەشکردنی ئازادی لەگەڵ پیاو هەروەك چۆن پیاو خاوەن ئەو ئازادیەن؟

توێژەر میتۆدی وەسفی بە رێگای ئەنترۆپۆلۆژی بەکارهێناوە، بۆ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری "چاوپێکەوتنی رێکخراوی" بەکارهێناوە، توێژەر پشتی بەستوە بەم میتۆدە لەمیانەی قۆناغەکانی توێژینەوەکەی بۆ وەسفکردنی کێشەی توێژینەوەی بە شێوەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی لە رێگەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلینکردن و شیکردنەوەیان، دواتر هەوڵدانی بۆ راڤەکردنی پرۆسەی گەشەپێدان لە کۆمەڵگەی عێراقی.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە قوتابیانی خوێندنی باڵا(ماستەر) بۆ ساڵانی (20017-2018)، کە بە گشتی (٣٨٩) قوتابی دەبوون. بە رێگای نمونە وەرگرتنی هەڕەمەکی چینایەتی (70) قوتابی بە رێژەی یەکسان لە رەگەزی (نێر و مێ) واتە (35) قوتابی لە رەگەزی مێ و(35) قوتابی لە رەگەزی نێر وەکوو نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بووە:**

-ئافرەتی عێراقی تا ئێستا بەدەست هەژمونی باوکسالاری دەناڵێنی، ئەگەر خوێندەواریش بێت، ئەوا دیسان سەرجەم داب و نەریتەکانی و عورفە کۆمەڵایەتییەکانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

- تائێستاش کولتووری عێراقی دەسەڵات بەسەر پێکهێنانی ژیانی ئافرەت دەسەپێنن و ئاڕاستەی دەکەن لە رێگای داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان.

- سەرەڕای بەشداری هەندێك ئافرەت لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار لە خێزانی عێراقی ، بەڵام ئەم رێژەیە بەم ئاستەی ژمارەی ئافرەتان نیە بەبەراورد لەگەڵ پیاوان.

**چوارەم**: توێژینەوەی (Karen Mokate، 2004) بە ناونیشانی "Womans Participation in Social Development "

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بەشدارپێکردنی ئافرەتە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، کە ئەزموونەکانی ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبی و ئاسیا دەگرێتەوە.

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی ئەزموونیە( تجريبى)یە، توێژەران وپسپۆران لە ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبی و ئاسیا، هەڵساون بە شیکردنەوەی پێنج ئەزموونی دیاریکراو لە نێوانیاندا رێکخراوەکانی ئافرەتان بوون کە کێبرکێیان بوو و رێوشوێنی پێشووتریان گرتبووە بەر بۆ هاندانی گەشەپێدان لەو کۆمەڵگەیانەی خاوەن داهاتی نزمن سەبارەت بە بەشدارییەکانی ئافرەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە، سەرەڕای ئەو ئەزموونانەی هەوڵیانداوە بۆ ئاسانکردنی یان دەوڵەمەندکردنی رۆڵی ئافرەت لە بەهێزکردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

-دەرکەوتووە کە ئەو بەرهەڵستیانەی رووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبیا وئاسیا کەمبۆتەوە، بەرزبوونەوەی ئافرەت جێی سەرنج ڕاکێشانە، بەجۆرێك گەشەی ئابوری بۆتە هۆی زیادبوونی بەکاربردن، ئافرەتانی کۆمەڵگەکانی ئەمریکای لاتینی و ناوچەی کاریبی و ئاسیا چەندین رۆڵی جیاواز دەبینن لە بواری گشتی و تایبەتیدا، لە

هەمانکاتدا بۆشاییەك لە نێوان هەردوو ڕەگەز هەیە کە خۆی دەبینێ لە بەرامبەر جۆری کۆمەڵایەتی لە پەیکەری یاسایی و سیاسەتی گشتیدا.

-نزمبوونەوەی تێکرایی بێکاری لە نێوان ئافرەتان و کرێی زیاتر بۆ ئافرەتان لەم ناوچانەدا.

- ئەنجامێکی تر پێی وایە، لەوانەیە ستراتیژیەتی جۆراوجۆری گەشەپێدان لەم وولاتانەدا ڕوداوێکی تایبەتی دروست کردبێت وەکو، ڕێگای دابەشکردنی ئەرکەکان لە ناو خێزانەکان وکۆمەڵگە و وولاتەکان.

- ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەرکەوتوون وەکو لایەنێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی کە پاڵپشتن بۆ یەکسانی لە بەشداریکردن لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە.

## 3.2. خستنەڕووی ڕوانگە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە:

تیۆر و میتۆدەکانی گەشەپێدانی ئاراستە کراو بۆ ئافرەتان لە وولاتانی جیهانی سێیەم بە گۆڕانکاری زۆر تێپەڕیوە، کە بوونەتە هۆی جیاوازی لە دەروازەکانی سیاسەتی گەشەپێدانی بەکارهێنراو لەو وڵاتانە، لە میانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پرۆسەی گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی، کە تەبەنیکراوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم. پرۆژەکانی گەشەپێدان دەرکەوتن وەکو پاڵپشتێك لە وولاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ وولاتە ئیشتراکیەکان کە تازە سەربەخۆ بوبوون، لە ڕێگەی بەرنامەی ڕۆژئاواییەکان کە ستراتیژیەتی گەشەپێدان و یارمەتی پێشکەش بە دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکان دەکات ئەمەش لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی لە گەڵ وڵاتانی پیشەسازیدا. پرۆژەی گەشەپێدان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لە سەر ئافرەت و مەسەلەکانی هەبووە، بۆیە کۆمەڵێك تیۆر دەرکەوتن کە کاریگەری و کاریگەربوونی ئافرەت لە پرۆژەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی پێوە دیار بووە، بەشێوەیەکی تایبەتیش پەراوێزخستن یان تێکەڵبوونی ئافرەتانی لە پرۆسەی گەشەپێدان لەخۆگرتبوو.

فێمینیزم وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری لە فراوانترین مانایدا لە هەوڵی بەرزکردنەوەی پێگەی ئافرەتاندایە وەك گروپێك لە کۆمەڵگەدا. وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری هەوڵدەدات پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا راڤە بکات و هەموو فاکتەرە کاریگەرەکان لە سەر ڕەوشەکەی ڕوون بکاتەوە، و وێنەیەکی ئەو کۆمەڵگا خوازراوەی کە تیایدا ئافرەتان بەهرەمەندن لە ڕەوشێکی گونجاودا، بخاتە ڕوو. هەروەها کۆمەڵە داواکارییەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی بخاتە ناو پرۆگرامەکەی و دواجار لەگەڵ دیاریکردنی ستراتیژی کارەکەی، سەرچاوەکانی ڕێکبخات و ئەو شێوازە گونجاو یاخود کاریگەرانەی کە مەبەستیەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەستنیشان بکات.

گرنگی باسکردنی ئەم ڕوانگە تیۆرییەکانی فێمینیزم لەم توێژینەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە ڕێگەی فشارو چالاکیەکانیاندا ڕۆڵێکی مەزنیان بینی، لەهاندان و بەگەڕخستنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بۆ بەستنی چەندین کۆنگرەی جیهانی سەبارەت بە چالاککردنی ڕۆڵی ئافرەت، و دواتر بوە هۆی دەرکردنی چەندین بڕیاری پەسندکراو لەلایەن ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان، بە جۆرێك توانای سەپاندنی ئەم بڕیارانەیان هەبوو لە سەرجەم وولاتانی جیهان، بەتایبەتی وولاتانی جیهانی سێیەم، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە وولاتی عێراق و، وولاتی عێراقیش وەك ئەندام لەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیانە، پابەندەو ملکەچە بە جێبەجێکردنی بەشێك لە مادە و یاسا نێو دەوڵەتیەکان.

چەندین تیۆریی جیاواز سەبارەت بە فیمینیزم دروست بوون کە هەر تیۆرییە و ئاڕاستەی جیاواز و بۆچوونی تایبەت بە خۆی لە بارەی هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ئافرەت و ئەو نایەکسانییەی لە مێژوودا لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ و لە پێشتریشدا هەبووە. ئیمە لەم تویژینەوەیە بەگشتی باس لە سێ دیدگا و تیۆر دەکەین، کە گرنگترین بزاوتە فێمینیزمەکان پێك دێنن، ئەوانیش:

**یەکەم: فیمینیزمی لیبراڵ (Liberal Feminism Theories) :** تیۆریی فیمینیزمی لیبراڵ لە ساڵی(1830)دەستی پێکرد. (مێری وڵسۆن کرافت) بە نوسینی کتێبی "حەقانییەتی مافی ئافرەت لە ساڵی(1792) کاریگەری سەرەکی لەسەر ئەم شەپۆڵە دانا ، لە دوای ئەو (جۆن ستیوارت میل John S.Mill )و هاوسەری یەکەمی (هارییت تایلۆرHarriyet Taylor )کتێبی "ملکەچبوونی ئافرەت "ی لە ساڵی(1869)نووسی کە کاریگەری گرینگی بەسەر ئەم شەپۆڵە دانا ، (میل) پێی وایە ئافرەت بوون لە کۆمەڵگەی نارۆشندا بەپێی ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئاین بووە، وێرای ئەو هەوڵانەی دژ بە ئافرەت و کۆسپ خستنەڕێی گەشەکردنی کەسایەتییان کراوە، ئەم داگرتنەو ئەم نزمکردنەوەی پلەو پایەی ئافرەتان لە بوارەکانی ژیاندن دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆسەرتاپای کۆمەڵگە لە ڕووی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها (میل) پێیوابوو ئەگەر ئافرەتان وەکو پیاوان دەرفەتەکانی لەبەردەمیاندا کراوە بن ئەوا

تواناکانیان لە پیاوان باشتر دەبوو، چونکە ئەوان گرنگی بە ووردەکارییەکان و بابەتە کەسیەکان زیاتر دەدەن وەك لە پیاوان (بەهین،2010: 60).

ئامانجی لیبراڵ فێمینیزم باشترکردنی بارودۆخی ئافرەتە لە کۆمەڵگەدا بەبێ ئەنجامدانی هیچ گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە بنەمایی سیاسیی و ئابووریی ئەو کۆمەڵگەیەدا. یەکێك لە ئامانجە سیاسیەکانی ئەم تیۆرە هەوڵدانە بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانیی تەواوی ئافرەت و پیاو بەتایبەتی لە بڕیارداندا. ئامانجێکی تری نەهێشتن یان بنەبڕکردنی دابەشکردنی کارە بە پێی ڕەگەز (Weedon,1996: 4-8).

توێژەران لەم توێژینەوەیە پێیان وایە، بۆچونی ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای بیری یەکسانی مرۆڤەکان (ئافرەت و پیاو) لە دامەزراوەکاندا. ئەم تیۆرە هەوڵیداوە تا ڕەنگدانەوەی بیروڕای خۆی بەسەر یاسا و مافەکاندا بسەپێنێ تا بەم شێوەیە هەوڵدان بۆ دژایەتیکردنی ئافرەت نەمێنێ و ئافرەتانیش خاوەنی مافی یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا. ئەمە بەکەڵك وەرگرتن لە یاسا بوو، بەهۆی ئەوەی کە بیری یەکسانی لەناو کۆمەڵگە تەشەنە بکات و ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵگە ببینرێ و ئەنجامی ئەم ڕەنگدانەوەیە بووە هۆی ئەوەی ئافرەتانیش وەك پیاوان بەخاوەن دەنگ بژمێردرێن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرقاڵی ئیشکردن بن و وەك پیاوان هەلی یەکسانیان بۆ بڕەخسێ.

**دووەم: فێمینیزمی ڕادیکالی Radical Feminism Theory :** فێمینیزی ڕادیکاڵی لە دەیەی (1960) دا دەستپێدەکات. (سیمۆن دیبۆڤوار) بە نووسینی کتێبی "ڕەگەزی دووەم"(1949)و (بێتی فریدن) بە نووسینی کتێبی "ئافرەتی فریو خواردوو"(1963) کاریگەری سەرەکی و گرنگیان لەسەر ئەم شەپۆلە دانا. لە بیرمەندانی گرنگی دیکەی ئەم شەپۆڵە دەکرێ ئاماژە بە (کیت میلّت) لە (سیاسەتی ڕەگەزی) لەساڵی (1970) و (جێرمان گریر) و (سەروەری ئافرەت1970) بکەین. شەپۆڵی یەکەم تاڕادەیەك توانی بارودۆخی ئافرەتان لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە پرسەکان باشتر بکات. پەرەسەندنی پەروەردە و فێرکردن، شیاوبوونی ئافرەتان بۆ چوونە ناو پیشە جۆراوجۆرەکان، یاسایی بونەوەی لەباربردنی منداڵ، پێدانی حەقدەستی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەبوونی مافی مەدەنی یەکسان، لەو ئەنجامە گرنگانەی هەوڵەکان لە شەپۆڵی یەکەمدا بوو و ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك  لە فێمینیستەکان بەدوای هەنگاونان لە هەنگاوەکانی دواتردا بن (بەهین،2010: 62).

ئامانجی سەرەکی و گرنگی داواکاری فیمینیستەکان لەم ئاراستەیەدا لە ڕاستیدا "رزگارکردنی ئافرەت" لە دەستی پیاوان هاتە ئاراوە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەست گەیشتن بە مافی سیاسیی و یاسایی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان هێشتا پرسی ئافرەتانی چارەسەر نەکردووە، هەربۆیە تەنیا رزگاری ئافرەتان لە نا بەرامبەرییەکان پێویست نییە، بەڵکو دەبێ ئافرەتان لە دەستی پیاوان رزگار بکرێن. بەڵام لە ڕوانگەی ئەواندا، رزگارکردنی ئافرەتانیش تەنیا لە ڕێگەی ریفۆرم نەدەکرا بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکی بنچینەیی و شۆرشگێرانە هەبوو. لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی فێمینیستەکان ئەو تیۆرانەی هەن تەواو رەگەز خوازو ریفۆرم نەگرن (بەهین،2010: 62-63).

**سێیەم : فێمینیزمی پۆست مۆدێرن (Postmodern feminism** ):  بیری فێمینیزمی پۆست مۆدێرن سەرەتاکانی دەیەی(1940)، سەرەتا لە هونەری بیناسازییەوە سەریهەڵدا، بە تێپەربوونی کات و بەتایبەت پاش دەیەکانی (1960) لەسەر دەستی بیرمەندانێکی وەکو ( میشێل فۆکۆ و لیوتار، و چەندانی تر)بوو بەڕەوتێکی گشتی، کە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی رۆژئاواییدا ڕەنگی دایەوە،هەر لە هونەرەوە بگرە تا دەگاتە هزرو ئەندێشە و سیاسەت و..هتد. ئەم ڕەوتە کە بە ڕەخنە لە مۆدێرنیزم هاتبووە ئاراوە، زۆر زوو توانی بێتە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری جیهانییەوە. بە شێوەیەك کاریگەری ئەم ڕەوتە لە مۆدێرنیزم بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پۆست مۆدیرن لەناو فێمینیزمەکاندا (زاهیدی،2010: 24).

 لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئافرەت پێویستی بە بنەماڵە، هاوسەرو منداڵ هەیە، وجۆری پەیوەندی نێوان کوڕوکچ هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیانەوە، دەبێتە هۆی جیاوازی لە نیوان کوروکچ دا. بەم شێوەیە لایەنگرانی ئەم ڕەوتە وێرای ئەوەی هەوڵدەدەن بۆ یەکسانی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، لایەنگری ئەم بۆچوونە چۆنییەتی پەروەردەو هەروەها پەروەردە بە شێوەیەکی کاریگەر دەزانن، بۆ یەکسانی و نەبوونی جیاوازی لە نێوان دوو رەگەزی، ڕەخنە لە پیش خۆیان دەگرن، بەتایبەت دوو ڕەوتی فێمینیزمی سۆشیالیستی و رادیکاڵ فێمینیزم، کە بنەماڵە بە وەچەخستنەوە بە گەورەترین ئامرازی چەوساندنەوەی ئافرەتان دەناسن لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە(زاهیدی،2010: 24-25). بەڕای ئێمە سەرەڕای جیاوازی لە بۆچوون و ئاراستەکانی فێمینیزم و داواکارییەکانیان، بەڵام ئەوەی پەیوەستن بە شیکردنەوەو بەرجەستەبوونی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت و رزگارکرنی لە کۆت و بەندەکان و پێدانی ئازادیە ڕەهاییەکان لە کۆمەڵگەدا، هەروەها جەختکردنی لە سەر پەیوەندییەکان و مەسەلەی

کۆمەڵایەتی هاودەنگییەک لە کۆی ئەو تیۆرییانە دەبینرێت. ئەمەش دەوەستێتە سەر جۆری بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کولتووریەکانی کۆمەڵگە، ، بۆیە سەرجەم تیۆرو ئاراستەکان هەموویان بەشدارن لە گرنگیدان بە مەسەلەی نەبوونی یەکسانی، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا، کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا دەرفەتی ڕۆڵ، هەژموونی، هێزو پێگە، بە پیاو دەبەخشێ، لەکاتێکدا ئافرەت بێبەشدەکرێت لە زۆر لە مافەکانی لە کۆمەڵگە.

**4.2. بزووتنەوەی فمینیستی لە هەرێمی کوردستان:**

سەبارەت بە کورستان سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرێکی نەتەوەیی و سیاسیی و حیزبی ، نەك پاڵنەرێکی ڕەگەزی و هەستکردن بە ستەمکردن لە ئافرەتان. ئەگەر سەرنج بدەینە داخوازییەکانی فیمینیزم لە تیۆرییەکاندا بە روونی دەبینرێت کە سەرەرای جیاوازییەکان لە نێوانیاندا ، داوای ئازادی ئافرەت و خستنە رووی ڕێگە چارەکانە بۆیان ، هەموویان بەدوای ئامانجێکەوە بوون ئەویش ئازادیی ڕەگەزیی ئافرەت بوو کە پێویستی بە ڕەتکردنەوەو سرینەوەی هەر جۆرە کۆسپێك هەیە. بەڵام بە گشتی بزووتنەوەی فێمینیزمی زۆر لاوازە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ئافرەتان هەموو شتێك لە ڕێگای حزبەوە دەکەن، بزووتنەوەی ئافرەتان و ئافرەتان بۆ خۆی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی نەبووە. بزووتنەوەی فێمینیستی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە پارە لە هیچ حزبێك وەرناگرێت، بەڵام لە کۆردستان بزووتنەوەی ئافرەتان و ئافرەتان پارە لە حزب وەردەگرن، بۆیە ناچارن چیان پێوترا بە قسەیان بکەن، بزووتنەوەی ئافرەتان بزوووتنەوەیەکی خۆبەخشیە، پارە نیە، بەڵکو دیموکراتیە.

سەرەڕای ئەمەش ئەم بزووتنەوە فێمنزمە جیهانیانە بۆ داواکارییەکانیان، لە ڕێگەی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانیان و مانگرتنەکانیان هەزاران ئافرەت تیایدا بەشداردەبوون، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی باس لە پرنسیپ و داواکارییەکانی ئەم ڕەوتانە دەکرێت، تەنها بە لایەنی تیۆرییەوە دەیخەنەڕوو و بەرجەستەی دەکەن، بەڵام لایەنی پراکتیکی تیدا نابینرێت، چونکە بۆ هەر داواکاریەك پێویستە ڕێپێوان و خۆپیشاندان ئەنجامبدرێت لەلایەن ئافرەتان، پێویستە بە هەزاران ئافرەت پشتگیری ئەو داواکاریانە بکەن و تەواو پێی ڕازی بن و سوور بن لەسەر داواکانیان، بەڵام تائێستا بەهیچ شێوەیەك ئەم جۆرە چالاکیەو خۆپیشاندانانەمان نەبینیوە.

گرینگترین ئەو بوارانەی کە ئافرەتان لە کوردستان بە شێوەیەکی چالاک ئیش تێدا دەکات بوارەکانی (پەروەردە، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەندروستی)یە لە هەر دوو کەرتی حکومی و ناحکومی. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بە دوای ئەوەن بزانن کە ئافرەتانی شاری هەولێر لەو بوارانە چ ڕۆڵێکیان هەبووە و چەندە کاریگەری لە سەر پرۆسەی گەشەپێدانی هەبووە.

**3. چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە**

**1.3. میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی کە تێدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کۆ دەکرێتەوە . بە ئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕوو. بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە توێژەر سوودی لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە وەرگرتووە.

**2.3. کۆمەڵگا و نمونەی تویژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەو ئافرەتانەی نیشتەجێ شاری هەولێرن و لە کەرتە حکومی و ناحکومییەکان ئیش دەکەن، بەتایبەت کەرتی ( پەروەردەو فێرکردن، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکان، تەندروستی) دەگرێتەوە. وەك لە خشتەی (1) دەرکەوتووە.

خشتەی (1) کۆمەڵگای تویژینەوەکە ڕووندەکاتەوە[*].

---

[*] توێژەر بەپێی نووسراوێکی فەرمی سەرۆکایەتی زانکۆ،داتا فەرمیەکانی ساڵی(2023)ی کۆمەڵگەی تویژینەوەی دەست کەوتووە لە هەریەك لە وەزارەتی پەروەردە- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- وەزارەتی تەندروستی- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی هەولێر- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان . تێبینی: تەنها داتاکانی تایبەت بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە بەر نەبوونی داتای نوێ سەبارەت بە ژمارەی چالاکوانانی ئافرەت لە ڕێکخراوەکاندا پشتی بەداتاکانی ساڵی(2020) بەستووە.

| ڕەهەندەکان | پیشە | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| کەرتی پەروەردە | مامۆستای قوتابخانە | 17732 | 67 |
| کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | مامۆستای زانکۆ | 2052 | 8 |
| کەرتی تەندروستی | پزیشک و کارمەندی تەندروستی | 5511 | 21 |
| کەرتی ڕاگەیاندن | ڕاگەیاندکار | 928 | 3 |
| کەرتی ڕێکخراوەکان | چالاکوان لە ڕێکخراوەکان | 424 | 2 |
| کۆی گشتی | | 26647 | 100.0 |

-نمونەی توێژینەوەکەش نموونەی هەڕەمەکی چینایەتیی گونجاوە، کە هەوڵدراوە ڕێژەیەکی گونجاو لەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی حکومی و تایبەتی ئیش دەکەن بەشدار بن. بۆ ئەم مەبەستە (450) ئافرەت وەکو نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون ، کە (245) ئافرەت بە ڕێژەی (54.4%) لە کەرتی حکومی ئیش دەکەن و (205) ئافرەت بە ڕێژەی (45.6%) لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن، بەپێی ڕێژە ی سەدی نموونەکان وەرگیراون. وەك لە خشتەی (2) دەرکەوتووە.

خشتەی(2) نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| پیشە | حکومی | ناحکومی | نموونەی توێژینەوە | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|
| مامۆستای قوتابخانە | 142 | 134 | 276 | 61.3 |
| مامۆستای زانکۆ | 30 | 13 | 43 | 9.6 |
| پزیشك و کارمەندی تەندروستی | 59 | 35 | 94 | 20.9 |
| ڕاگەیانکار | 14 | 8 | 22 | 4.9 |
| چالاکوان لە ڕێکخراوەکان | - | 15 | 15 | 3.3 |
| کۆی گشتی | 245 | 205 | 450 | 100.0 |


**3.3 ئامرازەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری:** لەم توێژینەوەیە بە ڕێگای پرسیارنامە داتاکان کۆ کراوەتەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە سێ پێوەرمان بە کار هێناوە کە بریتین لە (ڕۆڵی ئافرەت، ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی)، بژاردەکانی وەڵامدانەوە بریتی بوون لە (زۆر بەسەرمدا دەچەسپێت، تارادەیەك بەسەرمدا دەچەسپێت، نازانم، بەسەرمدا ناچەسپێت، بەهیچ شێوەیەك بەسەرمدا ناچەسپێت) و کۆدکردنیش بەم شێوەیە بوو (٥، ٤، ٣، ٢، ١). هەر سێ پێوەرەکە لە لایەن توێژەران ئامادە کراوە و هەنگاوەکانی سایکۆسۆسیۆمیتریمان بەم شێوەی خوارەوە لە سەر پێوەرەکان جێبەجێ کردووە.

**1.3.3. بونیادنانی پێوەرەکان:** بۆ پێوانە کردنی ڕۆڵی ئافرەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی توێژەران بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و ڕای شارەزایان، سێ پێوەریان دارشت. بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بڕگەکان لەڕوی ئامارییەوە توانای پێوانەکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی هەیەو هەروەها بە کارتێکەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی لەسەر پێوەرەکان جێبەجێ کرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

**یەکەم: شیکردنەوەی فاکتەری فاکتەری پشتڕاستکراوە(conformity factor analysis – CFA):**

بۆ بونیادنانی پێوەرەکان لەڕووی ئامارییەوە، سوودمان لە شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە ( conformity factor analysis – CFA) وەرگرت. تاکو دڵنیابێتەوە کە هەر یەك لەو بڕگانەی کە دانراون لەڕووی ئامارییەو دەتوانێت پێوانەی بەشێك لەو گۆڕاوە بکات کە بۆی دانراوە.

بۆ ئەو مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) لەسەر گۆڕاوەکان دانا و پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرا و لە هەر یەك لە پێوەرەو ڕەهەندەکاندا ئەو بڕگانەی کە باری ئاماری پێویستیان لەسەر ڕەهەندەکەی خۆیان نەبوو سڕانەوە کە بریتی بوون لەم بڕگانە. لە پێوەری ڕۆڵی ئافرەت، ڕەهەندی پەروەردە، بڕگەگانی (٦، ٧، ٨)، ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (٩)، ڕەهەندی تەندروستی بڕگەکان (١، ٢، ١٠) و لە پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕەهەندەکانی بڕگەکانی (٣، ٤، ٦، ٧). بەم شێوەیە پێوەرەکانمان مەرجەکانی فیتبوونی (Goodness- of- Fit) بەدەستهێنا، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (CFI=0.901)، (RAMSEA= 0.050)، (IFI=0.902).




مۆدێل (١): شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) نیشان دەدات

## دووەم: ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکان

### پێوەری یەکەم: ڕۆڵی ئافرەت

### أ. ڕاستیەتی بونیادی

بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستیەتی پێوەرەکە لە ڕێگای هاوکۆلکەی پیرسۆن پەیوەستی هەر بڕگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەموو بڕگەکان لە هەر چوار ڕەهەندی پەروەردەیی، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکان و تەندروست پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە هەموو ئەو بڕگانەی کە لە پاش شیکردنەوەی فاکتەری لە پێوەرەکە جێگیر بوون، وەکو خۆیان مانەوەو نیشان دەدەن کە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە.

خشتەی (3): پەیوەستی بڕگەکانی ڕۆڵی ئافرەت لەگەڵ تەوەرەکانیان نیشان دەدات

| تەوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | 1 | 0.896** | 3 | 0.866** | 5 | 0.654** | | |
| | 2 | 0.878** | 4 | 0.850** | | | | |
| ڕاگەیاندن | 1 | 0.771** | 3 | 0.843** | 5 | 0.761** | 7 | 0.851** |
| | 2 | 0.808** | 4 | 0.853** | 6 | 0.818** | 8 | 0.844** |
| ڕێکخراوەکان | 1 | 0.811** | 3 | 0.832** | 5 | 0.822** | 7 | 0.828** |
| | 2 | 0.849** | 4 | 0.805** | 6 | 0.826** | 8 | 0.885** |
| تەندروستی | 1 | 0.845** | 3 | 0.827** | 5 | 0.881** | 7 | 0.905** |
| | 2 | 0.821** | 4 | 0.850** | 6 | 0.920** | | |

**ب. جێگیری پێوەری ڕۆڵی ئافرەت:** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە، سوودمان لە دوو جۆر جێگیری وەرگرت کە بریتی بوون لە جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەو جێگیری بە ڕێگای چۆنیەتی  نێوخۆی کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون

**جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە (Test Re-test):** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری ڕۆڵی ئافرەت، سوودمان لە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە وەرگرت. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێوەرەکەمان بەسەر نموونەیەکی (٢٠) کەسی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دابەش کرد و ئەنجامەکانمان وەرگرتەوە. پاش دوو هەفتە، هەمان پرسیارنامەمان بەسەر هەمان نموونەی (٢٠) کەسیدا دابەشکرد. دواتر هەر دوو ئەنجامەکانمان لە پرۆگرامی (SPSS) داخل کرد کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت .
هەروەها ئاستی پەیوەستی پێرسۆن بۆ ڕەهەندەکانی  دەکەوێتە نێوان (0.944 بۆ0.987) کە بەشێوەیەکی ئاماری بەڵگەدارن (P-Value<0.05)، ئەمەش بە ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە ئەژمار دەکرێت. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەرەکانمان جێگیرەو بە تێپەڕبوونی کات و کارتێکەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکاری بەسەردا نایێت. وەك لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە.

خشتەی (4): جێگیری پێوەری ڕۆڵی ئافرەت نیشان دەدات

| ڕەهەند | جۆری تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەست |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | تاقیکردنەوی یەکەم | 28.75 | 5.665 | 0.977** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 29.05 | 5.889 | |
| ڕاگەیاندن | تاقیکردنەوی یەکەم | 30.80 | 8.752 | 0.987** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 30.20 | 7.743 | |
| کۆمەڵگای مەدەنی | تاقیکردنەوی یەکەم | 31.20 | 7.938 | 0.954** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 31.45 | 8.538 | |
| تەندروستی | تاقیکردنەوی یەکەم | 36.05 | 5.633 | 0.944** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 35.55 | 6.378 | |

** P-Value<0.01

**جێگیری بە ڕێگا چۆنیەکی نێوخۆیی:** بە ئامانجی دەرهێنانی جێگیری ڕۆڵی ئافرەی، سوودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت تاکو لەم ڕێگایەوە چۆنیەکی نێوخۆی بڕگەکان تاوتوێ بکەین. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی پەروەردە بریتییە لە (0.886) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێت. ڕەهەندی ڕاگەیاندن بریتیە لە (0.929)، ڕێکخراوەکان (0.937) و تەندروستی (0.943) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگا چۆنیەکی نێوخۆی ئەژمار دەکرێن. وەك لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە.

خشتەی (5): بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت نیشان دەدات

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| پەروەردە | 0.886 | 5 |
| ڕاگەیاندن | 0.929 | 8 |
| ڕێکخراوەکان | 0.937 | 8 |
| تەندروستی | 0.943 | 7 |

## پێوەری دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت

**أ. ڕاستیەتی بونیادی**: یەکێکی دیکە لە پێوەرەکانی توێژینەوەکە تەرخان کرابوو بۆ تاوتوێکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە سەر ڕێگای ڕۆڵی ئافرەت لە ڕووی پەروەردەیی، ڕاگەیاندن ،ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەندروستی. بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستیەتی پێوەرەکە لە ڕێگای هاوکۆلکەی پیرسۆن پەیوەستی هەر برگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەموو برگەکان لە هەر چوار ڕەهەندی پەروەردەیی، ڕاگەیاندن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەندروستی پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە هەموو وەکو خۆیان مانەوە نیشان دەدەن کە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە. وەك لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە.

خشتەی (6): پەیوەستی برگەکانی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت لەگەڵ تەوەرەکانیان نیشان دەدات

| تەوەر | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکان پەروەردە | 1 | 0.722** | 3 | 0.685** | 5 | 0.693** |
| | 2 | 0.744** | 4 | 0.700** | | |
| ئاستەنگەکان ڕاگەیاندن | 1 | 0.758** | 3 | 0.821** | 5 | 0.799** |
| | 2 | 0.870** | 4 | 0.733** | | |
| ئاستەنگەکان ڕێکخراوەکان | 1 | 0.788** | 3 | 0.686** | | |
| | 2 | 0.792** | 4 | 0.725** | | |
| ئاستەنگەکان تەندروستی | 1 | 0.799** | 3 | 0.731** | | |
| | 2 | 0.820** | 4 | 0.786** | | |

** P-Value<0.01

### ب. جێگیری پێوەرەکە

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت، سوودمان لە دوو جۆر جێگیری وەرگرت کە بریتی بوون لە جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەو جێگیری بە ڕێگای چۆنیەتی  نێوخۆی کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

**جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە (Test Re-test):** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت، سوودمان لە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە وەرگرت. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێوەرەکەمان بەسەر نموونەیەکی (٢٠) کەسی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دابەش کرد و ئەنجامەکانمان وەرگرتەوە. پاش دوو هەفتە، هەمان پرسیارنامەمان بەسەر هەمان نموونەی (٢٠) کەسیدا دابەشکرد. دواتر هەر دوو ئەنجامەکانمان لە پرۆگرامی (SPSS) داخل کرد کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە، ئاستی پەیوەستی پیرسۆن بۆ ڕەهەندەکانی پێوەری بەربەستەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت دەکەوێتە نێوان (0.909 بۆ0.959) کە بەشێوەیەکی ئاماری بەڵگەدارن  (P-Value<0.05)، ئەمەش بە ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە ئەژمار دەکرێت. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەرەکانمان جێگیرەو بە تێپەڕبوونی کات و کاریگەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

خشتەی (7): جێگیری پێوەری ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت نیشان دەدات

| ڕەهەند | جۆری تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەست |
|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکانی پەروەردە | تاقیکردنەوی یەکەم | 15.25 | 5.702 | 0.916** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 15.55 | 5.605 | |
| ئاستەنگەکانی ڕاگەیاندن | تاقیکردنەوی یەکەم | 12.25 | 3.291 | 0.959** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 12.30 | 3.310 | |
| ئاستەنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی | تاقیکردنەوی یەکەم | 14.40 | 4.512 | 0.954** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 14.60 | 4.358 | |
| ئاستەنگەکانی تەندروستی | تاقیکردنەوی یەکەم | 11.05 | 3.734 | 0.909** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 10.90 | 3.597 | |

**جێگیری بە ڕێگا چۆنیەکی نێوخۆیی:** بە ئامانجی دەرهێنانی جێگیری ئاستەنگەکانی ڕۆڵی ئافرەت ، سوودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) وەرگرت تاکو لەم ڕێگایەوە چۆنیەکی نێوخۆی بڕگەکان تاوتوێ بکەین. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی پەروەردە بریتییە لە (0.752) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێت. ڕەهەندی ڕاگەیاندنی بریتیە لە (0.856)، ڕێکخراوەکان (0.737)و تەندروستی (0.791) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری بە ڕێگا چۆنیەکی نێوخۆی ئەژمار دەکرێن.

خشتەی (8): بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندەکانی ئاستەنگەکانی ڕۆڵی ئافرەت نیشان دەدات

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| ئاستەنگەکان لە پەروەردە | 0.752 | 5 |
| ئاستەنگەکان لە ڕاگەیاندن | 0.856 | 5 |
| ئاستەنگەکان لە ڕێکخراوەکان | 0.737 | 4 |
| ئاستەنگەکان لە تەندروستی | 0.791 | 4 |

## پێوەری سێهەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

**أ. ڕاستیەتی بونیادی:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی بونیادی پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، پەیوەستی هەر بڕگەیەکمان لەگەڵ کۆی گۆڕاوە دەرهێنا، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە پەیوەستی پیرسۆن. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەموو بڕگەکان پەیوەستێکی بەڵگەداری ئاماریيان لەگەڵ کۆی گۆڕاوەکە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05). ئەمەش نیشان دەدات کە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە.

خشتەی (9): پەیوەستی بڕگەکانی گۆڕاوی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تەوەرەکانیان نیشان دەدات

| تەوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 1 | 0.737** | 3 | 0.784** | 5 | 0.797** | 7 | 0.713** |
| | 2 | 0.737** | 4 | 0.773** | 6 | 0.736** | 8 | 0.792** |

** P-Value<0.01

**ب. جێگیری پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، سوودمان لە دوو ڕێگا دووبارە تاقیکردنەوەو چۆنیەکی نێوخۆیی وەرگرت کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیی خوارەوە بوون.

**جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە (Test Re-test) :** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، سوودمان لە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە وەرگرت. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێوەرەکەمان بەسەر نموونەیەکی (٢٠) کەسی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دابەش کرد و ئەنجامەکانمان وەرگرتەوە. پاش دوو هەفتە، هەمان پرسیارنامەمان بەسەر هەمان نموونەی (٢٠) کەسیدا دابەشکرد. دواتر هەر دوو ئەنجامەکانمان لە پرۆگرامی (SPSS) داخل کرد، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەرکەوتووە،

ئاستی پەیوەستی پیرسۆن بۆ ڕەهەندەکانی پێوەری بەربەستەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت دەکەوێتە نێوان (0.987) کە بەشێوەیەکی ئاماری بەڵگەدارن (P-Value<0.05)، ئەمەش بە ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە ئەژمار دەکرێت. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەرەکانمان جێگیرەو بە تێپەڕبوونی کات و کارتێکەری فاکتەرە کاتییەکان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

خشتەی (10): جێگیری پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| ناوی پێوەر | جۆری تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەست |
|---|---|---|---|---|
| گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوی یەکەم | 49.30 | 6.760 | 0.987** |
| | تاقیکردنەوی دووەم | 49.60 | 6.840 | |

**جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی:** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سوودمان لە ڕێگای گونجانی نێوخۆی وەرگرت کە لە ڕێگای هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) جێبەجێ دەکرێت. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندەکانی پێوەرەکە بریتییە لە نێوان (0.892) دایە کە بە ئاستێکی زۆر باش لە جێگیری ئەژمار دەکرێت.

خشتەی (11): بەهای ئەلفای کرۆنباخی پێوەری گەشەپێدانی نیشان دەدات

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی | 0.892 | 8 |

### 4. تاوتوێ كردنی ئامانجەكانی توێژینەوەكە

### 1.4. خستەڕووی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەكانی نموونەی توێژینەوەكە

### 1.1.4. تەمەن

تەمەنی نموونەکە یەکێك لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکەیە کە ناوەندی ژمێرەییەکەی بریتییە لە (37.97) بە لادانی پێوەری (9.553)، هەروەها مۆدە بریتیە لە (40) ساڵ و کەمترین تەمەنی نموونەکەی (20) ساڵەو بەرزترین تەمەن (64) ساڵە.

خشتەی (12): تەمەنی نموونەکە نیشان دەدات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **20 ـ 28 ساڵ** | 80 | 17.8 |
| **29 ـ 37 ساڵ** | 141 | 31.3 |
| **38 ـ 46 ساڵ** | 138 | 30.7 |
| **47 ـ 55 ساڵ** | 75 | 16.7 |
| **56 ـ 64 ساڵ** | 16 | 3.6 |
| **کۆی گشتی** | 450 | 100.0 |

وەک لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت ڕێژەی زۆری ئەو کەسانەی کە ئیش دەکەن تەمەنیان لە نێوان (٢٩-٤٦) ساڵ دەبێت، کەمترین ڕێژە تەمەنی سەرووی (٥٦) بۆ سەرەوە دادەنرێت کە بە تەمەنی خانەنیشی دادەنرێت زۆر کەس لەو تەمەنە خانەنشین دەبن بۆیە ئەو ئاستی تەمەنە کەمترە.

### 2.1.4. ئاستی خوێندەواری

خشتەی (13): ئاستی خوێندەواری نموونەكە نیشان دەدات

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 20 | 4.4 |
| دبلۆم | 98 | 21.8 |
| بەكالۆریۆس | 200 | 44.4 |
| خوێندنی باڵا | 132 | 29.3 |
| كۆی گشتی | 450 | 100 |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە زۆرترین ڕێژەی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەكە ئاستی خوێندەوارییەكان لە بەكالۆریۆس و سەرەوەترە، كە ئەمەش ئاماژەیەكی باشە كە ئافرەتان بە ڕێژەیەكی باش توانیویانە بەردەوام بن لە پرۆسەی خوێندن و بڕوانامەی خۆیان بەرز بكەنەوە. دەتوانین بڵێن لە ئێستادا زۆرێك لە ئافرەتان دەتوانن بچنە بەر پرۆسەی خوێندن و پەرە بە خۆیان و تواناكانیان بدەن.

### 3.1.4. كەرتی كاركردنی نموونەكە

خشتەی (14): كەرتی كاركردنی نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات

| كەرت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حكومەتی | 245 | 54.4 |
| ناحكومی | 205 | 45.6 |
| كۆی گشتی | 450 | 100.0 |

سەبارەت بە كەرتی پیشەی نموونەی توێژینەوەكە وەك لە خشتەی سەرەوە دەردەكەوێت لە كۆی قەبارەی نموونەی توێژینەوەكە كە (٤٥٠) نموونەی توێژینەوەكەن، (205) ئافرەت لە كەرتی ناحكومین  كەدەكاتە بەڕێژەی (45.6) و (245) ئافرەت لە كەرتی حكومی كار دەكەن.  ڕێژەی زۆری ئافرەت لە كەرتی حكومی دەگەڕێتەوە بۆ خواستی ئافرەت بۆ كاركردن لەم كەرتە بەهۆی تایبەتمەندییەكانی.

### 4.1.4.دۆخی ئابووری

خشتەی (15): دۆخی ئابووری نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات

| دۆخی ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خراپ | 10 | 2.2 |
| مامناوەند | 240 | 53.3 |
| باش | 180 | 40.0 |
| زۆرباش | 20 | 4.4 |
| كۆی گشتی | 450 | 100.0 |

لە میانی ئەو خشتەیەی كە خراوەتەڕوو بۆمان دەردەكەوێت كە زۆرترین ڕێژەی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەكە وڵامیان داوەتەوە كە دۆخی ئابوورییان مامناوەندە و تەنها ڕێژەیەكی كەم خراپە و دوای ئەوەش بە ڕێژەیەكی كەمێك زیاتر وڵامیان داوەتەوە كە ئاستیان زۆر باشە.

### 5.1.4. باری كۆمەڵایەتی

خشتەی (16): باری كۆمەڵایەتی نموونەكە نیشان دەدات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | 161 | 35.8 |
| خێزاندار | 289 | 64.2 |
| كۆی گشتی | 450 | 100.0 |

بە پێ خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە خێزاندارن، کە ژمارەیان دەگاتە ( 289) کە دەکاتە(64.2%) .

**5. تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

لە ڕاستی پێوانە کردنی ئاستی خواستی ئافرەت بۆ ڕۆڵ گێران لە بوارەکانی پەروەردە، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکان و تەندروستی و هەروەها خواستیان بۆ بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، سوودمان لە ئاماری وەسفی وەرگرت کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**پەروەردە:** لەم ڕەهەندەی توێژینەوەکەدا، کەمترین دەرەجە بریتییە لە (١) کە ئاماژەیە بۆ بوونی ئەوانەی کە کەمترین خواستیان بۆ ڕۆڵ گێران لە بواری پەروەردە هەیە و هەروەها بەرزترین ژمارە بریتییە لە (٥) کە نیشان دەدات بەشێك لە نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی بەرز ئامادەیی ڕۆڵ گێران لەم بوارەیان تێدایە. ناوەندی سەنگکراو بریتییە لە (3.67) کە نزیکە لە بژاردەی "تارادەیەك بەسەرمدا دەچەسپێت"، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە خوازیارن ڕۆڵیان هەبێت لە پەروەردەدا. ئەمەش بەرزترین ئاستە لەنێو ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەتدا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەرتی پەروەردە وەک یەکێک لە گرینگترین کەرتەکان، بە ڕێژەیەکی بەرز خوازیاری بەشداری لەم کەرتەن، کە بێگومان ڕۆڵی ئافرەت لەو کەرتە دەتوانێت شوێندانەر بێت، بەتایبەتی لە پەروەردە کردنی نەوەی نوێ کۆمەڵگا بە ئاڕاستەی بونیادنان، چاکسازی و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بە ئاڕاستەی گۆڕانکاری. بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆر گرینگی بەم کەرتە بدەن لە بەشداری کردنی ئافرەتان لە بەر ئەوەی خۆیان زیاتر خوازیارن بۆ بەشداری کردن، کە بێگومان دەتوانن شوێندانەر بن.

**ڕاگەیاندنەکان:** ناوەندی سەنگکراو بەشداری نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵگێران لە ڕاگەیاندنەکان بریتییە لە (3.30) بە لادانی پێوەری (1.049) کە نزیك بە بژاردەی "نازانم". دەتوانین ئەمەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە کار کردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هۆی زەحمەت بوونی، هەروەها ئافرەتان سەرەڕای بەرپرسیارێتی دیکەیان ناچار دەبن لە بواری ڕاگەیاندن ئیش بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی کەمتر لە ئافرەتان بەشداری لەم بوارە بکەن. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە کار کردن لە بواری ڕاگەیاندن پێویستی بە کاتی زیاترە، ئافرەتانیش بەهۆی بەرپرسیارێتیان لە نێو خێزان و لە لایەکی دیکە لە کۆمەڵگا نەریتییەکان زۆر جار بەربەست دروست دەبێت بۆ بەشداری کردنی ئافرەتان لەو بوارە، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە کەمتر ئافرەتان ڕوو لەم بوارە بکەن. بەڵام ناکرێت پشتگوێ بخرێت لە بەر ئەویە لە ئێستادا ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم لە هەر کۆمەڵگایەک دادەنرێت، بۆیە پیویستە کە بواری زیاتر بدرێت و ئاسانکاری زیاتر بکرێت لە بەشداری کردنی ئافرەتان.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:** ئاستی ئامادەی تاك بۆ ڕۆڵگێران لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بریتییە لە (2.90) کە هەندێ نزیکە لە بژاردەی سێیەم کە بریتییە لە بژاردەی "نازانم". " بە لادانی پێوەری (1.112) کە تارادەیەك بەرزەو نیشاندەری جیاوازیی زۆری بەشدارانە لە ناوەندی سەنگکراو. ئەمەش نیشان دەدات کە بەشدارانی نموونەکە دوودڵن لە ڕۆڵ گێران لە نێو ڕێکخراوەکاندا. وەک لە بواری ڕاگەیاندن خراپەروو و ئەو ئەنجامەمان بۆ دەرکەوت کە ڕێژەیەکی کەمتر لە ئافرەتان بەشداری لەو بوارە دەکەن، دەتوانین بڵێن کە هەر دوو بوارەکە پێویستی بە کات و کارکردنی زیاتر هەیە، بەتایبەتی کە لە هەر دوو بوارەکە کاری مەیدانی زیاترە، ئەمەش سەرەڕای بەپرسیارێتی دیکەی ئافرەتان وەک دایک یا خێزان بۆیە دەتوانین بڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی کەمتر بەشداری کردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

**تەندروستی:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت ناوەندی سەنگکراوی نموونەی توێژینەوەکەکە بۆ ڕۆڵ گێران لە بواری تەندروستی بریتییە لە (3.53) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "نازانم" و "تارادەیەك بەسەرمدا دەچەسپێت". دەتوانین بڵێن لەم بوارە تا ڕادەیەک بواری زیاتری بۆ دەرەخسێت بۆ بەشداری ئافرەتان، لەبەر ئەوەی ئافرەتان وەک تایبەتمەندی کەسێتی خۆیان خوازیاری ئەوەن کە گرینگی بە دەورووبەریان بدەن و دەکرێت لەم بوارەش تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بن.

**گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:** خشتەی (15) نیشان دەدات کە ناوەندی سەنگکراوی نموونەی توێژینەوەکە لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (3.62) کە تارادەیەك نزیکە لە بژاردەی "تارادەیەك بەسەرمدا دەچەسپێت". ئەمەش نیشانەی ئامادەیی بەشدارانی نموونەکەیە بۆ بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. ئەم ئەنجامەش لە توێژینەوەکەی (کەژاڵ ٢٠١٥) نزیکە کە ئافرەتی کورد ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەکەی ( هلال ٢٠١٨)ـەیە، کە کۆمەڵگای

توێژینەوەکەی عێراق بە گشتی بوو. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەکوردستان بە بەراورد بە عێراق جیاوازە و بەرزترە. ئەمەش دەتوانین بەشێکی بۆ کولتوری کۆمەڵگای کوردی بگەڕێنینەوە کە لە ئێستادا هەوڵی بەرەپێشچوونی ئافرەتان دەدرێت.

خشتەی (17): ئاستی ئامادەیی بەشدارانی نموونەکە بۆ ڕۆڵ گێڕان لە کەرتە جۆراوجۆرەکان نیشان دەدات

| شگۆڕاوی توێژینەوەکە | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی سەنگکراو | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | 1 | 5 | 3.67 | 0.997 |
| ڕاگەیاندن | 1 | 5 | 3.30 | 1.049 |
| ڕێکخراوەکان | 1 | 5 | 2.90 | 1.112 |
| تەندروستی | 1 | 5 | 3.53 | 1.060 |
| گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 1 | 5 | 3.62 | 0.89 |

لە میانی ئەوەی کە خرایەڕوو سەبارەت بە خواستی ئافرەتان بۆ ڕۆڵ بینینیان لەو بوارانە، زۆرترین ڕێژە خواستیان هەیە لە بواری پەروەردە ئیش بکەن و کەمترین خواست لە بواری ڕاگەیاندنە. هەروەها بە شێوەیەکی مامناوەند ئافرەتان خواستیان هەیە لە میانی ئەو ڕۆڵانەی کە بەشداری تێدا دەکەن، کاریگەریان هەبێت لە سەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەشدارن بن تێدا. بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پلاندانانی ساڵانە دەرفەتی زیاتر بدرێت بە ئافرەتان و هەوڵ بدرێت کە بەشداری زیاتریان پێ بکەن. هەروەها لە هەر بوارێک لە بوارەکانی کۆمەڵگا ڕێژەیەکی دیاریکراو دابنرێت بۆ زیاتر هاندانی بەشداری کردنی ئافرەتان.

## ئامانجی دووەم: دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکان لە دروستکردنی جیاوازیی لە نێوان بەشدارانی نموونەکە

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکانمان لەسەر ئەنجامەکان دەرهێنا کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم: تەمەن:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا ( One way ANOVA) بەکار هێنرا کەوەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی ئافرەتدا، لە گۆڕاوەکانی (پەروەردە، ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی)دا جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value<0.05). بەڵام لە ڕەهەندی تەندروستیدا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا نەبوو، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value=0.295>0.05).

٢. لە گۆڕاوی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value=0.161>0.05).

خشتەی (18): کاریگەری گۆڕاوی دێمۆگرافی تەمەن لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف)F-test | ئاستی بەڵگەداری0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ | 80 | 3.53 | 0.976 | 3.905 | 0.004 |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 141 | 3.56 | 1.000 | | |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 138 | 3.64 | 1.033 | | |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | 75 | 3.92 | 0.940 | | |
| | ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 16 | 4.33 | 0.546 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.67 | 0.997 | | |
| ڕاگەیاندن | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ | 80 | 3.50 | 0.887 | 2.871 | 0.023 |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 141 | 3.26 | 1.061 | | |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 138 | 3.11 | 1.031 | | |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | 75 | 3.52 | 1.147 | | |
| | ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 16 | 3.34 | 1.119 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.30 | 1.049 | | |
| ڕێکخراوەکان | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ | 80 | 2.60 | 0.938 | 9.100 | 0.000 |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 141 | 2.68 | 1.084 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 138 | 2.95 | 1.013 | | |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | 75 | 3.48 | 1.221 | | |
| | ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 16 | 3.31 | 1.378 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 2.91 | 1.112 | | |
| تەندروستی | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ | 80 | 3.52 | 1.069 | 1.236 | 0.295 |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 141 | 3.45 | 1.082 | | |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 138 | 3.47 | 1.146 | | |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | 75 | 3.76 | 0.833 | | |
| | ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 16 | 3.64 | 0.962 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.53 | 1.060 | | |
| گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ | 80 | 3.55 | 0.779 | 1.648 | 0.161 |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 141 | 3.53 | 0.905 | | |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 138 | 3.65 | 0.940 | | |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | 75 | 3.83 | 0.832 | | |
| | ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 16 | 3.53 | 1.190 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.62 | 0.897 | | |

وەکو لە خشتەی سەرەوە دەرکەوت، لە ڕەهەندەکانی (پەروەردە، ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان)دا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپەکاندا هەیە. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان کام یەك لە گرووپەکان، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر (Fisher least Significant Difference = Fisher LSD وەرگرت. وەکو لە خشتەی (19) دەردەکەوێت:

1. لە ڕەهەندی پەروەردەدا جیاوازییەکی بەڵگەدار بەدی دەکرێت لە نێوان گرووپە تەمەنییەکانی (٤٧ ـ ٥٥ ساڵ) و (٥٦ ـ ٦٤ ساڵ لەگەڵ هەموو گرووپە تەمەنییەکانی دیکە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05).
2. لە ڕەهەندی ڕاگەیاندندا؛ لە نێوان گرووپەکانی (٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ) و (٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05).
3. لە ڕەهەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا؛ لە نێوان (٢٠ ـ ٢٨ ساڵ) و هەموو گرووپەکانی دیکە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە (P-Value<0.05)، هەروەها لە نێوان (٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ)دا جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی لە ئاستی بەڵگەداری بچوکترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە(0.05).

خشتەی (19): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی تەمەن نیشان دەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیمۆگرافی ئاستی خوێندەواری | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | -0.04 | 0.798 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | -0.12 | 0.404 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.40 | 0.012 | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.80 | 0.003 | بەڵگەدارە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | -0.08 | 0.496 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.36 | 0.010 | بەڵگەدارە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.76 | 0.003 | بەڵگەدارە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.28 | 0.046 | بەڵگەدارە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.68 | 0.009 | بەڵگەدارە |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 0.40 | 0.139 | بەڵگەدار نیە |
| ڕاگەیاندن | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | 0.24 | 0.098 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 0.40 | 0.007 | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.02 | 0.904 | بەڵگەدار نیە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 0.16 | 0.576 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | 0.15 | 0.215 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.26 | 0.079 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.08 | 0.765 | بەڵگەدار نیە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.42 | 0.005 | بەڵگەدارە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.24 | 0.389 | بەڵگەدار نیە |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 0.18 | 0.53 | بەڵگەدار نیە |
| ڕێکخراوەکان | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ | -0.08 | 0.597 | بەڵگەدار نیە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | -0.35 | 0.022 | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -.87687* | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.71 | 0.016 | بەڵگەدارە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ | -0.27 | 0.039 | بەڵگەدارە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.80 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | ٢٩ ـ ٣٧ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.63 | 0.027 | بەڵگەدارە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ | -0.53 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | ٣٨ ـ ٤٦ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | -0.36 | 0.201 | بەڵگەدار نیە |
| | ٤٧ ـ ٥٥ ساڵ لەگەڵ ٥٦ ـ ٦٤ ساڵ | 0.17 | 0.571 | بەڵگەدار نیە |

**دووەم: کەرتی پیشە:** بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی کەرتی پیشە (حکومی یان ناحکومی) لەسەر هەر یەك لە ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (20) دەردەکەوێت؛

1. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە ڕەهەندەکانی پەروەردە، ڕاگەیاندن و تەندروستیدا جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان تێڕوانینی ئەوانەی کە لە کەرتی حکومی کار ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە لە کەرتی ناحکومی کار ئەکەن، ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value<0.05) هەروەها بەها (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. هۆکاری ئەم جیاوازییە لە ڕەهەندی پەروەردەو تەندروستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە لە کەرتی حکومی کار ئەکەن، چونکە ناوەندی ژمێریی ئەوانەی لە کەرتی حکومی کار ئەکەن گەورەترە لە ناوەندی ژمێریی ئەوانەی لە کەرتی ناحکومی کار ئەکەن. بەڵام لە کەرتی ڕاگەیاندندا هۆکاری جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە لە کەرتی ناحکومی کار ئەکەن ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ناوەندی ژمێریی ئەوانەی لە کەرتی ناحکومی کار ئەکەن بڕی (0.53) گەورەترە لەوانەی لە کەرتی حکومی کار ئەکەن.

2. لە ئاستی گۆڕاوەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییدا، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کەرتی ناحکومی و حکومیدا نیە، ئەمەش ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05). ئەم ئەنجامانەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەی ( Karen ٢٠٠٤ ) سەرەڕای جیاوازی کۆمەڵگای توێژینەوەکان ئافرەتان چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینن لە بواری گشتی و تایبەتیدا، بەڵام لە هەمانکاتدا بوونی جیاوازی جێندەری لە هەندێك ڕەهەند لە سیاسەتی گشتیدا هەستی پێدەکرێت.

خشتەی (20): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی کەرتی پیشە لەسەر ئاستی ڕۆڵی ئافرەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات.

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێریی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پەروەدە | حکومی | 245 | 3.79 | 0.26 | 0.966 | 0.005 | 2.829 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | ناحکومی | 205 | 3.52 | | 1.017 | | | | |
| ڕاگەیاندن | حکومی | 245 | 3.06 | 0.53 | 1.094 | 0.000 | 5.484 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | ناحکومی | 205 | 3.59 | | 0.915 | | | | |
| ڕێکخراوەکان | حکومی | 245 | 2.88 | 0.05 | 1.056 | 0.664 | 0.435 | 1.965 | بەڵگەدا |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناحكومی | 205 | 2.93 | | 1.178 | | | | ر نیە |
| تەندروستی | حكومی | 245 | 3.81 | 0.62 | 0.905 | 0.000 | 6.485 | 1.965 | بەڵگەدار |
| | ناحكومی | 205 | 3.19 | | 1.133 | | | | ە |
| گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | حكومی | 245 | 3.69 | 0.15 | 0.959 | 0.073 | 1.797 | 1.965 | بەڵگەدا |
| | ناحكومی | 205 | 3.54 | | 0.812 | | | | ر نیە |

Df= 448 N= 450

**سێیەم: باری کۆمەڵایەتی**

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتیدا (سەڵت یان خێزاندار) لە سەر ئەنجامەکان، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (21) دەردەکەوێت؛

1. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، لە ڕەهەندی ڕاگەیاندندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تێڕوانینی سەڵتەکان لەگەڵ ئەوانەی کە خێزاندارن، ئەمەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value=0.026<0.05) هەروەها بەها (t) دەرهێنراو (2.240) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965). هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەڵتەکان کە ناوەندی ژمێرەییان (3.45) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی خێزاندارەکان (3.22).

2. لە ڕەهەندەکانی دیکە ڕۆڵی ئافرەت لە (پەروەردە، ڕێکخراوەکان و تەندروستی)

و هەروەها لە گۆڕاوی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان سەڵت و خێزاندارادا بەدی نەکرا، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کە (P-value>0.05) هەروەها بەها (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965).

خشتەی (21): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ڕۆڵی ئافرەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پەروەردە | سەڵت | 161 | 3.60 | 0.10 | 0.979 | 0.308 | 1.020 | 1.965 | بەڵگەدار نیە |
| | خێزاندار | 289 | 3.70 | | 1.008 | | | | |
| ڕاگەیاندن | سەڵت | 161 | 3.45 | 0.23 | 1.040 | 0.026 | 2.240 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 289 | 3.22 | | 1.046 | | | | |
| ڕێکخراوەکان | سەڵت | 161 | 2.95 | 0.06 | 1.161 | 0.562 | 0.581 | 1.965 | بەڵگەدار نیە |
| | خێزاندار | 289 | 2.88 | | 1.085 | | | | |
| تەندروستی | سەڵت | 161 | 3.62 | 0.15 | 1.029 | 0.142 | 1.470 | 1.965 | بەڵگەدار نیە |
| | خێزاندار | 289 | 3.47 | | 1.075 | | | | |
| گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | سەڵت | 161 | 3.61 | 0.01 | 0.853 | 0.935 | 0.082 | 1.965 | بەڵگەدار نیە |
| | خێزاندار | 289 | 3.62 | | 0.922 | | | | |

Df= 448 N= 450

**ئامانجی سێیەم: دیاری کردنی کاریگەری ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە کاریگەریی هەریەك لە ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سوودمان مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پڕۆگرامی AMOS – Analysis Moment ) Structures) جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات(Radha and Ahmad,2019). و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان دەست نیشان بکات. بۆ ئەم مەبەستە مۆدیلی توێژینەوەکەمان لە نێو پڕۆگرامی ئامۆس دروست کرد (بڕوانە وێنەی خوارەوە)و داتاکانمان لەسەری بار (Load) کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد کە وەکو لە خشتەی (22) نیشان دەدات:


1. پەروەردە کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.131) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ئاستی پەروەردە بڕی (0.131) لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە پەروەردە، بڕی (0.131) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

2. ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) نەبوو، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.964>0.05). کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم ئەنجامەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (نادیە عومەر ٢٠٠٤) کە دەرفەتی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی کوردیدا لەبەر دەمی ئافرەتدا کەمن، بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی کە کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر ڕۆڵی ئافرەت بواری ڕاگەیاندنی کوردی ، بۆیە ئافرەتان لەکاتی کارکردنیان لە کەرتی ڕاگەیاندن توشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

3. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.214) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ڕۆڵی ئافرەت لە نێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بڕی (0.214) لادانی پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

4. ڕۆڵی ئافرەت لە بواری تەندروستی کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری بە بڕی (0.257) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ڕۆڵی ئافرەت لە تەندروستی کۆمەڵگا بڕی (0.257) لادانی پێوەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

هەروەها ئەم ئەنجامانەش پاڵپشتی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ( Karen ٢٠٠٤ ) دەکات، سەرەڕای جیاوازی کۆمەڵگای توێژینەوەکان بەڵام هەوڵ بۆ بەشداری زیاتری ئافرەتان دەدرێت لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و لە ئێستادا ڕێژەکە لە بەرزبوونەوەدایە.




مۆدیلی (2): کاریگەری ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

خشتەی (22): کاریگەری ڕەهەندەکانی ڕۆڵی ئافرەت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| پەروەردە ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 0.131 | 0.000 |
| ڕاگەیاندن ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | -0.002 | 0.964 |
| ڕێکخراوەکان ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 0.214 | 0.000 |
| تەندروستی ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 0.257 | 0.000 |

**ئامانجی چوارەم: کاریگەری ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتان لە سەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دەستنیشان کردنی کاریگەری ئاستەنگە پەروەردەیی، ڕاگەیاندنی، ڕێکخراوەیی و تەندروستییەکانە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستە بە هەمان شێوەی سەرەوە، سوودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی وەرگرت تاکو کاریگەریی هەر یەك لە بەربەستەکان لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاوتوێ بکەین (بڕوانەی وێنەی خوارەوە). دوای جێبەجێ کردنی مۆدیلەکە لە نێو پرۆگرامی ئامۆس، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:


1. ئاستەنگە پەروەردەییەکانی کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئامارییان لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیە، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.385>0.05).

2. ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت لە ڕاگەیاندن، کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئامارییان بەشێوەی پێچەوانە بە بڕی (0.383-) لادانی پێوەری لەسەر گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە بەربەستەکانی ڕاگەیاندن، بڕی (-0.383) کەمبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. (بە سەرنجدان بەوەی کە ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر گەشەپێدان نەبوو لەسەرەوە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (نادیە عومەر کاکەسور) بکەین بەشدارانی نمونەکە ئاماژەیان بە جیاوازی کردن لە نێوان ژن و پیاو کردووە، هەروەها ڕێژەی بەشداری کەمتری ئافرەتان لە ڕاگەیاندن و ڕۆڵ بینینیان لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی، کە کاریگەری نەرێنی دروست کردووە و لە کۆمەڵگا ڕوانگەیەکی نەرێنی دروست بووە لە سەر ڕۆڵ بینینی ئافرەتان لە بواری ڕاگەیاندن.

هەروەها ئەم ئەنجامە پشتگیری لە تیۆری لیبڕاڵ فێمینیزم، بەتایبەتی لە هزری (جون ستیوارت میل) دەکات، کە پێی وابوو، ئەو هەوڵانەی دژ بە ئافرەتان دراون لە کۆمەڵگەی نارۆشندا وهەوڵدراوە بۆ دروست کردنی ئاستەنگ لەبەردەمیان بۆ لاوازکردنی گەشەکردنی کەسایەتییان، ئەم نزمکردنەوەی پلەو پایەی ئافرەتان لە بوارەکانی ژیاندا، دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆسەرتاپای کۆمەڵگە لە ڕووی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا. هەروەها پێیوابوو ئەگەر ئافرەتان وەکو پیاوان دەرفەتەکانی لەبەردەمیاندا کراوە بن ئەوا تواناکانیان لە پیاوان باشتر دەبوو، چونکە ئەوان گرنگی بە ووردەکارییەکان و بابەتە کەسیەکان زیاتر دەدەن بەبەراورد لەگەڵ پیاوان.

3. ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەت لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئامارییان بە بڕی (0.220-) لادانی پێوەری لەسەر گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بڕی (0.220-) کەمبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

4. ئاستەنگەکانی ڕۆڵی ئافرەت لە تەندروستی، کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئامارییان بە بڕی (0.192-) لادانی پێوەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە بەربەستەکانی بەردەم ڕۆڵی ئافرەت لە تەندروستی، بڕی (0.192-) کەمبوونەوە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.




CFI= 0.902 IFI= 0.903 RMSEA= 0.063

مۆدیلی (3) کاریگەری ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتان لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات.

خشتەی (23): کاریگەری ئاستەنگەکان لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ | بڕی کاریگەری | P-Value |
| --- | --- | --- |
| ئاستەنگی پەروەردە ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 0.031 | 0.385 |
| ئاستەنگی ڕاگەیاندن ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | -0.383 | 0.000 |
| ئاستەنگی ڕێکخراوەکان ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | -0.220 | 0.002 |
| ئاستەنگی تەندروستی ---> گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | -0.192 | 0.018 |

## 6. دەرئەنجامەکان:

1. لە میانی ئەو ڕوانگە تیۆرییانە کە خرانەڕوو، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە هەموو ئەو ئاڕاستە فکرییانەی کە لە بواری ئافرەتان و گەشەپێدان کاریان کردووە، هەوڵی سەرەکییان بەشداری پێکردنی ئافرەتان بووە لە پرۆسە و پرۆگرامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. بەتایبەتی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن، کە عێراق و کوردستانیش دەچنە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە. بۆیە دەکرێت سوود لە ئەزمون و زانستی ئەو وڵاتانە وەربگیردرێت بۆ هەرچی زیاتر بەشداری پێکردن و سود وەرگرتن لە توانای ئافرەتان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

2. لە میانی ئەو زانیاری و داتایانەی کە خرایەڕوو، دەردەکەوێت کە لە ماوەی چەند دەیەیی ڕابردوو تا ڕادەیەک هەوڵی باش دراوە، ئافرەتان توانیویانە بەشدار بن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و ڕۆڵیان هەبێت بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و تەندروستی، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە و پێویستە زیاتر پاڵپشتی بکرێن.

3. لە میانی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەگەین بەو دەرئەنجامە کە ئافرەتان لە کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی زیاتر دەواتنن چالاکی بکەن و پەرە بە توانایی و لێهاتوویەکانیان بدەن. ئەمەش دەکرێت بە هۆی سروشی کارکردن لەو دوو کەرتە بێت کە ئافرەتان کەمتر توشی کێشە دەبنەوە، بەڵام لە کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان بە هۆی سروشتی کارەکە، هەر ئەفرەتێک ئەو ئامادەییەی تێدا نەبێت لەو دوو بوارە کار بکات.

4. ئاستی ئامادەی ئافرەتان بۆ ڕۆڵگێران لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بریتییە لە (2.90) کە نزیکە لە بژاردەی سێیەم کە بریتییە لە بژاردەی "نازانم" بە لادانی پێوەری (1.112) کە تارادەیەك بەرزەو نیشانەدەری جیاوازیی زۆری بەشدارانە لە ناوەندی سەنگکراو. ئەمەش نیشان دەدات کە بەشدارانی نموونەکە دوودڵن لە ڕۆڵ گێڕان لە نێو ڕێکخراوەکاندا. کەواتە ڕێژەیەکی کەمتر لە ئافرەتان لە بواری ڕێکخراوەکان بەشدارن، کەواتە دەتوانین بڵێن ئەمەش بە هۆی سروشتی کاری مەیدانی ئەو ڕێکخراوانە بێت کە پێویستی بە کات و بەرپرسیارێتی زیاتر، بۆیە ژیان بە هۆی بەرپرسیارێتی ماڵەوە بەتایبەتی وەک دایک کەمتر دەرفەتی بەشداری کردنیان لە بواری ڕێکخراوکان هەبێت.

5. وەک لە ئەنجامەکان دەرکەوت؛ ناوەندی سەنگکراو بەشداری نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵگێران لە ڕاگەیاندنەکان بریتییە لە (3.30) بە لادانی پێوەری (1.049) کە نزیك بە بژاردەی "نازانم". کەواتە بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ڕێژەیەکی کەم لە ئافرەتان لەو بوارە بەشدارن، ئەمەش دەکرێت لە لایەک بە هۆی تێڕوانین و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی بێت کە کارکردن بۆ ئافرەتان لەو بوارە زۆر خوازیار نەبێت و پێویستی بە هەوڵ و ماندوو بوونی زیاتر بێت، لە لایەکی دیکە بە هۆی کاری مەیدانی ڕاگەیاندن و بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەرتی تایبەتن و کاتەکانی کار کردن لەو بوارە زیاترە ئافرەتان بە هۆی ئەرک و بەرپرسیارێتی دیکە نەتوانن بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو بوارە کار بکەن.

6. دەتوانی بڵێن بە گشتی ئافرەتان خوازری بەشداری کردنن لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا لە هەر دوو کەرتی تایبەتی و حکومی بەڵام لە کەرتی تایبەت کار کردن بۆیان زەحمەتی زیاتری هەیە. بە گشتی هەتا ڕێژەی بەشداری ئافرەتان زیاتر بێت، کاریگەری بەرچاوی دەبێت لە سەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەلگا، بۆیە پێویستە زیاتر دەرفەت بە ئافرەتان بدرێت تا بتوانن تواناییەکانی خۆیان لەو بوارە دەربخەن و هەست بە ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بکەن.

### 7.پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەر پێشنیار دەکات بۆ گرنگیدان بە ڕۆڵی ئافرەتان و بەشدارپێکردن و خستنە ناوەوەیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جەختکردنە لەسەر ئەو لایەنانەی خوارەوە بەتایبەتی:

1-فەراهەمکردنی دەرفەتی کاری زیاتر بۆ ئافرەتان، لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەمیان وبەتواناکردنیان لە ڕێگەی پلان و بەرنامە لەلایەن حکومەتەوە، بۆ ئەوەی سوود لە ووزەو توانا و بەشدارییەکانی وەربگیرێت بۆ پەرەوپێشچوونی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.

2-باشتر وایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێگی گرنگی بەرنامەکانیان تەرخان بکەن بۆهاندان وبایەخدان بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکان لە کۆمەڵگە بە گشتی و دەزگای ڕاگەیاندن بە تایبەتی و، بەرزگردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر گرنگی ڕۆڵی ئافرەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. وەهێنانە پێشەوەی ئافرەت بەپێی پسپۆریەتی و شارەزاییان و لێهاتووییان، و پێدانی بوار بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگێڕن، کاڵکردنەوەی ئەو نەریتەی کە ڕەگەزی نێر باڵادەستتر دەکات، بۆ ئەوەی ئافرەت بە ئازادیەکی ڕەها ڕۆڵێکی زیاترو دیارو نەپچڕاوی هەبێت.

3-پێویستە حکومەت کاربکات بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرەت لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، لە ڕێگەی هاندانیان و ڕێگە خۆشکردن بۆیان و لابردنی ئەو ئاستەنگانەی بەردەمیان و بەتواناکردنیان،هانیان بدات بۆ چالاکی نواندن لە ڕێکخراوەکان بەپێی ئاستی شارەزایی و لێهاتووییان، و کاروبەرنامەکانیان زیاتر بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی ڕۆڵی ئافرەت بێت، لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لە ڕێکخراوەکاندا، چونکە کاراکردن و خستنە ناوەوەی ئافرەتان لە ڕێکخراوەکان زەمینە خۆشکەرێکە بۆ زیاتر پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

4-بەباشی دەزانین حکومەت زیاتر دەرفەتی ئازادیبوون بە ڕێکخراوەکان و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئافرەتان بدات و، لەهەمانکاتدا پێویستە ئەو ڕێکخراوانە هەوڵ و کارەکانیان چڕتر بکرێنەوە لە پێناو کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەت و هەروەها ئاشناکردنی هاوڵاتیان بە گرنگی ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی هاندانیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ کۆروکۆبونەوەو خۆپیشاندان و ڕێکخستنی سیمینارو ووۆرك شۆپ و، کە یارمەتیدەرە بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستە ئەرێنیەکان بەرامبەر ئافرەتان و کارو چالاکیەکانیان.

5- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئافرەتان و باشترکردنی باری ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندن و بەگەڕ خستنی تواناپان لە کەرتی حکومی و ناحکومیدا دێتە ئاراوە، جگە لە

دابینكردنی پێداویستیە سەرەكیەكانی ژیان، چونكە دەستبەركردنی داهاتی تاك ئاماژەیەكی سەرەكیە لە ئاماژەكانی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی.

6- پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی دانانی پلانێكی درێژخایەن و بەرنامەی كاری وەزارەتی پلاندانان هەوڵبدات بۆ باشتركردنی دۆخی ئافرەتان و لابردنی ئەو ئاستەنگانەی بەردەمیان، نەك پلان و بەرنامەكان تەنها بەتیۆری بێت، بەڵكو بە شێوەیەكی پراكتیكی كاری بۆ بكرێت وئەنجام بدرێت، لەبەرئەوەی دۆخی ئافرەت لە هەندێك دامەزراوە لە پاشەكشە دایە.

## 8- ڕاسپاردەكانی توێژینەوەكە:

بە پێی دەرئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بەمەبەستی چالاككردنی ڕۆڵی ئافرەت لە دام و دەزگاكانی كۆمەڵگە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:
1-پێویستە توێژەرانی كۆمەڵایەتی هەوڵەكانیان چڕتر بكەنەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژیتەوەی زانستی زیاتر سەبارەت بە مەسەلەی ئافرەتان، بەمەبەستی دەستنیشانكردن وچارەسەركردنی ئەو كێشەو ئاستەنگانانەی ئافرەتان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دامەزراوەكان.
2-پێویستە توێژەران لە داهاتوودا توێژینەوە ی زیاتر ئەنجامبدەن سەبارەت بە بابەتەكانی تایبەت بە ئافرەتان و ڕادەی بەشداریان لە پرۆسەی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی و بەراوردكردنی لەگەڵ پێشكەوتنی هەرێمی كوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی و گەشەكردنی لە زۆر لایەنەوە.
3-پێویستە توێژەران لە توێژینەوەكانی ئاییندەیاندا هەوڵبدەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە بوارەكانی تری كۆمەڵگە، بەبەكارهێنانی میتۆدی زانستی جیاواز ، وەكو میتۆدی چۆنایەتی و میتۆدی تێكەڵ و، ئەنجامدانی توێژینەوە لە یەك بواردا ،و ووردبوونەوە و بەراوردكردنی ئەنجامی ئەو توێژینەوانە.

## 9. سەرچاوەكان:

### سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:


- بەهین، ئازاد. (2010)، بوارەكانی سەرهەڵدانی فیمینیزم، گۆڤاری تەوار، ژمارە (32) چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- زاهیدی، مستەفا. (2007)، كوردو فێمینیزم، گۆڤاری تەوار، ژمارە(20)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- كاكەسوور، نادیە عومەر. (٢٠٠٤)، ڕۆڵی ئافرەتی كورد لە ڕاگەیاندنی كوردیدا. نامەی ماستەر- بڵاونەكراوە، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر.


### سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:


- البنك الدولي. (1998)، التعليم فى منطقة الشرق الأوسط، استراتيجية نحو التعلم من أجل التنمية، شبكة التنمية البشرية،ص6.

- سالم، عدنان حسين عطية. (2010)، الفكر العربي التنموي فى ظل العولمة، جامعه بيرزيت، فلسطين ،ص30.

- السمالوطي ،نبيل .(1981)، علم اجتماع التنمية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ص106-107.

- الحسن، احسان محمد. (1999)، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات لبنان، بيروت ،ص208.

- بدوى ،احمد زكى .(1993)، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبه لبنان، لبنان، ص384.

- خاطر،أحمد مصطفى. (2000)، تنمية المجتمع المحلي" الاتجاهات المعاصرة- الاستراتيجيات-نماذج ممارسة"، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، لا105.

- حسين ،أرام ابراهيم .(2010)، دور التخطيط في التنمية الاجتماعية. اطروحة دكتورا. جامعه صلاح الدين كلية الأداب، علم الاجتماع، أربيل، أقليم كوردستان،ص22.

- العمر، معن خليل. (2000)، معجم علم الاجتماع المعاصر، عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع، ص363.

- حيدر، هلال عبدالساده.(2018) مشاركة المرأة المتعلمة فى التنمية الاجتماعية والثقافية- من وجهة نظر طلبة الدراسات العليا فى جامعة بغداد. جامعة بغداد، كليه الأداب، بغداد.

- خليل ، احمد خليل.(1984)، المفاهيم الاساسية فى علم الاجتماع، بغداد: دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع.

- محمد، کەژاڵ حسين. (2015)، مساهمة المرأة الكوردية فى التنمية- دراسة ميدانيه أجتماعية لأراء عينة من أعضاء الهيئة التدريسية فى كليات جامعة السليمانية، السليمانية.

- ابو جادو، صالح محمد على.(٢٠٠٢) سيكولوجية التنشئة الإجتماعية، ط3، عمان، الاردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Mokate, Karen (2004), Woman's Participation in Social Development, Experiences from Asia, Latin America, and Caribbean, American Development Bank, New York, Washington.

-Huntington, Samuel p. (1963), political order in changing societies Yale University, The United States of America, by The colonial press Inc, 1968.

- Araz H Radha, Abas Sh Ahmad, Symbolic Violence and is Relationship with Quality of Learning, Koya on the Road of Civilization, KRC 2019 International Conference. http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262 [available at: https://conferences.koyauniversity.org/index.php/krc/2019/paper/view/262 ]

- Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. et al. How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. Middle East Curr Psychiatry 30, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2

-Weedon, Chris, (1988), Feminist Practice and Poststructuralists Theory, 2nd Edition, , Basil Blackwell Inc, 432 Park Avenue south, NewYork, USA.

## دور المرأة في التنمية الاجتماعية(بحث ميداني في اربيل)

**سوزان طه رسول**
قسم علم الجتماع ،كليةالأداب،جامعة صلاح الدين -
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
sozan.rasool@su.edu.krd

**أرام ابراهيم حسين**
قسم علم الجتماع ،كليةالأداب،جامعة صلاح الدين
-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
aram.hussen@su.edu.krd

**الملخص**

هدفت هذه الدراسة الى التعرف على طبيعة و معرفة الدور الذي تؤديه المرأة في التنمية الإجتماعية، وقد أستخدمت الباحثة منهج المسح الإجتماعي كأداة منهجية في دراستها. أما نوع الدراسة فأنها تنتمي الى نمط الدراسات الوصفية التي تعتمد على الأسلوب الوصفي، أما عينة الدراسة فكانت عينة عشوائية طبقية تناسبية، وبلغ إجمالي عينة الدراسة (450) مبحوثة فيها (205) يعملن في القطاع الخاص و ( 245) يعملن في القطاع الحكومي في مجتمع البحث في مدينة أربيل.

وقد أنتهت الدراسة الى عدة نتائج مهمة نوجزها فيما يأتي:

إن الإتجاه العالمي السائد الأن هي العمل على إشراك العدد الأكبر من النساء في مجالات العمل المتعددة، ومن خلالها تتضح التأثير الواضح لإدوارهن في مجالات التنمية الإجتماعية بصورة عامة، وخاصة إن الدراسة أكدت على مجموعة أبعاد ، مثل (التعليم ، الإعلام ، منظمات المجتمع المدني، الصحة)، ومن أبرز النتائج التي توصلت اليها الدراسة:

مشاركة المرأة في مدينة أربيل في قطاعي الحكومي وغير الحكومي تتركز في مجالي التربية والصحة قياسا الى المجالات الأخرى، وقد يكون العامل الرغبة وتحقيق الطموحات دور كبير فيها، أما في مجال المنظمات فأن تلك المشاركة هي قليلة ومحدودة و خاصة في مجال الإعلام ، حيث نسبةالمشاركة ضعيفة ومتدنية. في المجال التربوي كانت النتائج دالة إحصائيا بمقدار (0.131) وبإنحراف معياري على التنمية الإجتماعية، ونوعية التأثير هي صحيحة ومباشرة، أي بزيادة أي إنحراف معياري في المجال التربوي تحدث إنحراف معياري بنسبة (0.131) في التنمية الإجتماعية والعكس صحيح، أيضا في المجال الصحي أظهرت النتائج إنها دالة إحصائيا بمقدار (0.257) بإنحراف معياري على التنمية الإجتماعية ونوعية التأثير هي صحيحة ومباشرة.

أما في البعد الإعلامي فأن القيمة المستخرجة هي غير دالة مما يشير الى عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية فيها عند مستوى(0.05)، وقد يكون ذلك بسب طبيعة العمل في تلك البعدين ( المجالين)، مما يستوجب كثرة العمل الميداني وخروجها من البيت وإستعدادهن لتحمل المسؤليات خاصة وأنهن أمهات لايقدرن العمل فيها بالشكل المطلوب، وقد تكون بسبب العادات والتقاليد السائدة في المجتمع، خاصة في مجال الإعلام والتي تقلص وتختزل طبيعة تلك الدور والنظرة السلبية للمجتمع حول عمل المرأة في مجال الإعلام.

**الكلمات المفتاحية:** التنمية، التنمية الاجتماعية، المرأة، التعليم ، الإعلام.

## The Role of Women in Social Development: Field Research in Erbil

**Sozan Taha Rasool**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan
Region-Iraq
sozan.rasool@su.edu.krd

**Aram Ibrahem Hussen**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan
Region-Iraq
aram.hussen@su.edu.krd

**Abstract**

The main objective of this study is to understand the role of women in social development. The research method used is descriptive, employing the social survey method. The sample consists of (450) women, with (205) working in the private sector and (245) working in the public sector .The key findings of this research indicate that the global trend is shifting towards greater female participation in all areas of society, which significantly impacts social development (including civil society organizations and health) overall. Women in Erbil are more actively involved in both the public and private sectors, particularly in education and health. However, their participation is lower in organizations and especially in the media field .

Regarding education, there is a statistically significant effect of 0.131 standard deviations on social development. This effect is direct, meaning that for each standard deviation increase in education level, there is a corresponding increase of 0.131 standard deviations in social development. In the health dimension, there is also a statistically significant effect of 0.257 standard deviations on social development. Similarly, this effect is direct. However, in the media field, there was no statistically significant effect at the chosen level of significance (0.05). This may be attributed to the nature of work in these fields, which often requires more fieldwork and may pose challenges for women, especially those with greater caregiving responsibilities as mothers. Particularly in the media, the low participation rate of women may be influenced by societal customs and negative attitudes towards women's involvement in this industry.

**Keywords:** development, social development, women, education, media.